حکومەتی هەرێمی کوردستان ـ عێراق
وەزارەتی پەروەردە
بەڕێوەبەرایەتی گشتی پرۆگرام و چاپەمەنییەکان

بابەتە کۆمەڵایەتییەکان

بۆ

پۆلی نۆیەمی بنەڕەتی

دانانی

مێژوو

د.قادر محەممەد پشدەری — د. دلێر ئیسماعیل حقی شاوەیس

د.سەعدی عثمان حسێن — د. محەممەد عبداللە کاکە سوور

جوگرافیا

د. سلێمان عبداللە ئیسماعیل — تحسین عبدالرحیم عزیز

حکمت عبدالعزیز حمد — سوزان موفق عبدالعزیز

هاونیشتمانی بوون

صباح قادر مەحەممەد — عمر علی شریف

عبید خضر فتح الله

پێداچوونەوەی زانستی

د. خلیل اسماعیل محمد

پێداچوونەوەی زانستی / بەشی مێژوو

د. سعدی عثمان حسین

چاپی یازدەهەم — ٢٠١٥ زایینی — ١٤٣٦ کۆچی — ٢٧١٥ کوردی

سەرپەرشتی زانستی: ویسی صالح حمدامین — هونەر جلال طاهر — عبید خضر فتح الله

سەرپەرشتی هونەری و چاپ: عثمان پیرداود کواز ـ خالد سلیم محمود

نەخشەسازی بەرگ: زاگرۆس محمود عرب

تایپ و نەخشەسازی ناوەوە: ئالان کریم مولود

جێبەجێکردنی بژاری هونەری: یوسف احمد اسماعیل

جوگرافیای عێراق

((باری سروشتی و مرۆیی و ئابووری وڵاتی عیراق))

بەندی یەکەم

وڵاتی عێراق

شوێنی عێراق

رووبەرەکەی (٤٣٨,٣١٧)کم^{٢} دەکەوێتە نێوان بازنەی پانی (٢٩°) – (٣٧°) باکووری هێلی یەکسان، وەنێوان هێلی درێژی (٣٨°) – (٤٨°) رۆژهەلاتی هێلی گرینج.

وە سنوری وشکانیەکەی ٣٥٠٠کم، سنوری ئاوی (٦٠)کم دەکەوێتە سەر کەنداوی عەرەب .

وڵاتانی هاوسنوری عێراق لە ڕۆژهەڵات ئێرانە بە درێژترین سنور، لە باکور تورکیایە، لـە ڕۆژئـاوا (سـوریا و ئـوردن و سـعودیە)، و لـە باشـوور (کوێـت و سعودیەو کەنارەکانی عێراق لەسەر کەنداوی عەرەب).

پێکهاتەی ڕووی زەوی عیراق:

پێکهاتـەی زەوی عێراق جۆراوجۆریەتی هەیە، نیشـتەنیەکانی ڕووی زەوی عێراق جۆری تۆێکلەکە، کە بەردی ئـاگرینو گـۆڕاوی کـۆن دایدەپۆشـێت کـە تاکو قۆناغی سێیەم داپۆشراو بوو بەئاوی زەریـای تـیش[1]، وە لـە ئـەنجامی هۆکارە ناوەکییەکانو دەرەکییـەکانی ڕوو دەدات لـەم ناوچـەیە چـیای بـەرز دروست دەبێت لە ئەنجامی وەرگـەڕانێکی گـەورە کـە ناسـراوە بـە (جوولـەی ئەلبی)، کە بووەتە هۆی دروست بوونی زنجیرە چیاکانی زاگـرۆس وتـۆروس، چیاکانی کوردستان بەشێکە لەم زنجیرە چیایە.

وە لە نێوان چیاکان ناوچـەی نزمـایی بـەدیار دەکـەوێت کـە لـە ئـەنجامی بوونی نیشتەنی ڕووبارەکان و ئەو نیشتەییە کە بەهۆی باوە گواسـتراوەتەوە دۆڵەکان پڕدەبنەوە کە بەشێوەی دەشت بە دیاردەکەوێت.

وە لە ئەنجامی جیاوازی هۆکارەکانی پێکهاتـەی زەوی عێـراق ڕووی زەوی عێراق جۆراو جۆریەتی هەیە، لە ئەنجامیدا دەتوانین ڕووی زەوی عێراق.

---

(١) زەریای تیش لەسەرەتای پێکهاتەی زەوی ناوچەکانی عێراق و شامی دادەپۆشت تا دەگەیشتە فەنزوێلا، دەریای ناوەڕاست جاران بەشێکبوو لەم زەریایە، بەڵام لەدوای گۆڕانکارییەکان کە بەسەر گۆی زەوی داهات بە تەواوی لە عێراق و شام و ناوچەکانی دیکە لەناوچوو.

بەرزو نزمی سروشتی عێراق

دابەش بکەین بەسەر چوار ناوچەی سەرەکی:-

١- ناوچەی شاخاوی ٢- ناوچەی زورگ	ئەم دوو ناوچەیە دەکەونە هەرێمی کوردستان کە دواتر لەبەشی هەرێمی کوردستان دەیخوێنین
٣- دەشتی نیشتەنی ٤- بانی ڕۆژئاوا	ئەم دووناوچەیەش ناوەراست و خوارووی عێراق پێك دەهێنن

دەشتی نیشتەنی:-

سنووری ئەم ناوچەیە لەباکور هەتا شاری سامەڕا لەسەر رووباری دیجلە و شاری ڕەمادی لەسەر فورات، لە باشوریش هەتا سەر کەنداوی عەرەب درێژ دەبێتەوە بۆیە بەشەکانی باشوری ئەم دەشتە نزمن و لە بەسرە نزیکەی (٥م) لە ئاستی رووی دەریاوە بەرزە، بۆیە بەگرنگترین ناوچەی کشتوکاڵی هەمە جۆری عێراق دادەنرێت، بەتایبەتی مەرەزەو جۆو گەنم و میوەو سەوزەو دارخورماش کە گرنگیەکی گەورەی هەیە.

وە لەبەر ئەوەی کە تەختانیە بۆیە خەڵك بەئاسانی هاتوچۆی تێدا دەکەن و بەئاسانیش ڕێگاو بان لە نێوان جیگا ئاوەدانیەکاندا دروست کراوەو بەهۆی زۆنگ و زەلکاوەکانیشەوە، هاموو شۆو گواستنەوەش بەو ئاوانەدا ئاسانە. لە گرنگترین ئەو زۆنگ و زەلکاوانەش زۆنگی حوێزە لەسەر رووباری دیجلە کە بە گەورەترین زۆنگاوەکانی عێراق دادەنرێت، هەروەها زۆنگی حەممارِ لەسەر رووباری فورات کە بە پلەی دووەم دێت.

ئەمەو زۆربەی دانیشتوانی عێراق لەم ناوچەدا نیشتەجێن و گەورەترین شارەکانی عێراقیش هەر دەکەونە ئەم ناوچەیە، وەك شارەکانی بەغدا، بەسرە، عەمارە، دیوانیە، ناصریە، سەماوە، کوت، ئەمەش بەهۆی ئاسانی هاتووچۆو بەپیتی دەشتەکە.

هەروەها سامانێکی نەوتی زۆری تێدایە بەتایبەتی لە هەردوو پارێزگای بەسرەو میسان.

دەشتی لیتەنی کە ڕوبەری ٢٤٪ی رووی زەوی عێراق پێك دەهێنێت دەکرێتە چەند بەشێکی سەرەکی وەك (دەشتی ڕووبارەکان، دەشتی دەلتا، دەشتی کەنارەکان، ناوچەی زۆنگاوەکان، شێوە باوە شێینیەکان، لێوارەکانی ڕۆژهەلاتی دەشتی نیشتەنی).

بانی رۆژئـاوا :-

دەكەوێتــە بەشــی رۆژئــاواو باشــوری رۆژئــاوای عێــراق، بەدرێژبوونــەوەی سروشتی بادیەی شام و بانی نیمچە دورگەی عەرەب دادەنرێت.

لە ڕووی پێكهاتنەوەش بەكۆنترین بەشەكانی ڕووی زەوی عێراق دادەنرێت كە لە چاخە جیۆلۆجیە دێرینەكاندا پەیدا بـووە، ڕووی زەویەكـەی بەگشـتی مەیلەو تەختەو هەندێ گردی نزمی تێدەكەوێت.

بانی رۆژئاوا كە ڕووبەری ٥٥٪ی ڕووی زەوی عێراق پێك دەهێنێت لەبـەر فراوانی دەكرێنە چەند بەشێك:-

١- ناوچەی دۆلەكان:- كۆمەڵێك دۆڵ لـە خـۆ دەگرێـت و لـە ڕۆژئـاوا بـەرەو ڕۆژهـەلات لێـژن و لـە ڕووبـاری فـورات كۆتاییـان دێـت وەك دۆڵـی حـۆران و ئەبیەز، ئەو قەراغانەشیان كە لە رووباری فوراتەوە نـزیكن چـەند چاڵاییەكی گەورەی تێدایـە و بوونەتـە دەریاچـە وەك حەبانیـەو ڕەزازە. لـەم دەڤـەرەدا كانزایەكی زۆری وەك فۆسفات و گۆگردو لمی شوشە هەیە.

٢- ناوچەی بەردین:- كە دەكەوێتـە بەشـی باشـووری بانەكـەو، سـەر ڕووی بانەكـە لەچـینی بـەردینی رووت پێـك هـاتووە بـەهۆی كـاری داماڵینی بـاو، نــەبوونی بــەرگی ڕووەكــی، گــرنگترین دیــاردەی ئــەم دەڤــەرەش نزمــایی (سەلمان)ە.

٣- بانی جەزیرە:- كـە دەكەوێتـە بـاكوری رووبـاری فـورات، بـە گشـتی لـە باكورەوە بەرەو باشور لێژ دەبێتەوە، نزمایی (الثرثار) بەگرنگترین دیاردەی سروشتی ئەم دەڤەرە دادەنرێت.

٤- بانــه لێـوار بڕاوەکـان:- کـه چـەندین مێرگـی تێدایـه وەك مێرگـەکانی کوبەیســەو ڕەحالیــه کــه لــەم مێرگانــەدا دارخورمــای زۆره خەڵکیشــی لێ نیشتەجێ بووەو و مەڕو ماڵاتیان ڕاگرتووه.

٥- دەڤەری دوبدوبه:- دەکەوێته ئـەو پـەری باشـووری ڕۆژهـەڵاتی بانەکـه، بەشێوەیەکی گشتی ڕووەکەی تەختەو، لەو لم و خۆڵـه پێـك هـاتووه کـه بـاو گەردە لول له ناوچەکانی دەوروپشتیانەوه هێناویانه، گرنترین دۆڵێکـیش کـه لەم دەڤەرەدا هەیه دۆڵی (باطن)ی قولّی فراوانه.

پرسیارەکان

١- بۆچی عێراق ناوی پردی وشکانی لێنراوە؟

٢- شوێنی عێراق بەگوێرەی بازنەکانی پانی و هێڵەکانی درێژی دیاربکە؟

٣- بەشەکانی رووی زەوی لەعێراقدا چەندن؟ بیانژمێرە.

٤- بەشەکانی دەشتی نیشتەنی و بانی رۆژئاوا بژمێرەو لەسەر نەخشەش دیاریان بکە.

٥- دەشتی نیشتەنی زیاتر بۆ جێنیشینی بوون لەبارە، بۆ؟

نەخشەی هەرێمەکانی ئاو و هەوا لە عێراق

ئاوو هەوای عێراق

ئاوو هەوای عێراق ناسراوە بەناوچەی ئاو هەوای نیمچە خولگەیی، بەلآم باران بارینی (نزمە زەپۆشەکان) دەریای ناوەراستە، وسیفەتی سەرەکی (جیاوازی بەرز لە پلە گەرمی (رۆژانەو سالآنەیە). هەروەها کەمی باران بارین و کەمی شیّ و زۆری وێکەوتنی تیشکی خۆر وکورتی وەرزی بەهار و پایز، لە ئەنجامیدا سیفەتی (ئاو هەوای قارِی وەردەگرێت). بەلآم پلەی گەرمی و باران و شیّ لە عێراقدا لە ناوچەیەك تاکو ناوچەیەکی تر جیاوازە لە ئەنجامی:-

١- بەرزی و نزمی خاك: کە گرنگترین هۆیە بۆ نزمبوونەوەی پلەی گەرمی وە لە ئەنجامی رێژەی بارین بەرز دەبێت دەگاتە (٥٠٠ملم و زیاتر تاکو ١٠٠٠ملم) لە لوتکەی چیای حصارۆست، هەروەها بەرزی هۆکاری سەرەکیە بۆ بوونی (بەفر). بەلآم لەناوچەی نیمچە شاخاوی رادەی باران نزمترە لە نێوان (٥٠٠ملم- ٢٥٠ملم) وە چەند بەرەو باشوری رۆژئاوا برۆین رادەی باران کەمتر دەبێت.

٢- شوێن بەگوێرەی بازنەکانی پانی: هۆکاری سەرەکییە بۆ بەرزبونەوەی پلەی گەرمی، چەند بەرەو باشوری عێراق بچین و لەخولگەو هێلی یەکسان نزیك ببینەوە کار دەکاتە سەر درێژی ماوەی رۆژ و گۆشەی کەوتنی تیشکی خۆر.

٣- شوێن بەگوێرەی دەریاو زەریاکان: تەنیا کەنداوی عەرەب و دەریای ناوەراست کاری تێدەکات. بەلآم بەهۆی بچوکی کەنداوی عەرەب کارتێکردنی کەمترە لە نزمە زەپۆشەکانی دەریای ناوەراست و لەسەر ئاوو هەوای عێراق.

لە ئەنجامی ئەم هۆکارانە سیّ ناوچەی ئاوو هەوا لە عێراقدا هەیە:

أ- ناوچەی ئاوو هەوای دەریای ناوەراست:
ب- ناوچەی ئاوو هەوای نیمچە وشك(گەرمە سێر):
جـ- ئاوو هەوای بیابان:

} کە دەکەونە هەرێمی کوردستان

بەگشتی پلەی گەرمی بەرزو کەم بارانە. بارانی ئەم ناوچەیە لە ٢٠٠ملم پتر نابێت، و سامالّی ئاسمان هۆکاری سەرەکییە بۆ بەرزی پلەی گەرمی، (ماوەی گەرمی) نێوان شەو رۆژ زۆرە بە تایبەتی لە وەرزی زستان.

چالاکی

گروپێك لە قوتابیان نەخشەیەکی هەرێمەکانی ئاو و هەوای عێراق ئامادە دەکەن، بۆ گفتوگۆ کردن.

نەخشەی رووبارو دەرامەتیەکانی ئاو لە عێراق

دەرامەتی ئاو لە عێراق

مەبەست لەدەرامەتی ئاو لەعێراق هەموو جۆرە سەرچاوەیەتی ئاوێك لەناو سنوری عێراق. کە بەسێ جۆر بەدیار دەکەوێت.

١- ئاوی باران و بەفر:

ئەمە باسکراوە لە ئاوو هەوا، کە ئەم دەرامەتە یەك لە سەر و چاوەکانی هەموو جۆرە ئاوێکە لە عێراق، بەهۆی بوونی بەفرو باران لە چیاکانی کوردستان، رووباری دیجلە و لقەکانی دروست بووە، وە لافاوی رووبارەکە پشت دەبەستێت بەوەرزی بەفر تاوانەوە لە هەموو ناوچەکە.

بەڵام لە ناوچەکانی تری عێراق (ناوچەی زورگ و ناوچەی بانی رۆژئاواو دەشتی نیشتەنی) رادەی باران بەتەنیا (٢٠٠ملم- ١٠٠ملم) ئەمەش تەنیا سوودی لە پێکهاتنی جۆگەو ئاو دەبێت لەکاتی باران وشك بوونەوەی لە دوای نەمانی باران.

٢- ئاوی سەر رووی زەوی:

پێك دێت لە ئاوی دیجلەو فورات و لقەکانیان و جۆگاکانیان و شەت ئەلعەرەب، زۆربەیان سەرچاوەکانیان لە دەرەوەی سنووری عێراق، هەمووی هەمیشەییە تەنیا رووخانە (عوزێم) نەبێت لە لقەکانی دیجلەیە.

وە هەموو لقەکانی دیجلە هۆیەکی گرنگە بۆ زیاد بوونی ئاو و خێرایەکەی ئەم رووبارە.

لە ئەنجامی بوونی رووبارەکان و لقەکانی کۆمەڵێك بەست دروست کراوە وە کۆمەڵێك پرۆژەی ئاودێریش (وەك بەستی سامەڕاو بەستی کوت) لەسەر دیجلە وە بەستی حەدیثە و رەمادی و هیندیە لەسەر فورات، وە جۆگاکانی

غـەراف و دوجەیلـە لەسـەر دیجلـە وە جۆگاکـانی (ئەسـکەندریەو لەتیفیـەو موسەیب و هیتر) لەسەر فورات کە بووەتـە هـۆی پـتر بـوونی رووبـەری ئـاوی سەر رووی زەوی لەعێراقدا، جگە لەمانە بوونی دەریاچەکانی دروست کراو لە عێراقدا و گۆم و زەلکـاو زۆنگاوەکـان رووبـەری ئـاوی سـەر رووی زەوی زیـاد کـردووە بـە هـەر شـێوەیەك بێـت کـە گـرنگترین سەروچـاوەکانی ئـاوە بـۆ کشتوکاڵ لە عێراقدا.

٣- ئاوی ژێر زەوی:

لە (هەرێمی کوردستان) ئەم ئاوەی زۆرە لە ئەنجامی باران و بەفر بارین ، هەوەها جۆری بـەردەکان ولێژی ناوچـەکە یارمـەتی کۆبوونـەوەی ئـاوی ژێـر زەوی داوە رێژەی ئاوی ژێر زەوی عێراق بەم شێوەیە:

أ- ناوچەی شاخاوی (ئاوی زۆرە)

ب- ناوچەی زورگ (ئاوی کـەمترە لـە یەکـەم): بـەدیار دەکـەوێت لـە چـیای شەنگال بانی موسل و دەشتی هەولێرو بانی کەرکوك و ناوچەی خانەقین.

جـ- ناوچەی دەشتی نیشتەنی: ئاوی کـەمترە لەهـەردوو ناوچـەکانی تـرەوە رێژەی خوێ زۆرە.

د- بانی جەزیرە ئاوی زۆرە: بەڵام تامی خـۆش نییـە بـەهۆی بـوونی گـۆگرد وکلۆرو کالسیۆمی تواوە لە ئاوی ئەم ناوچەیە.

چالاكی

گروپێك له قوتابیان راپۆرتێك دەربارەی گرنگی ئاو ئامادە دەكەن، دواتر گفتوگۆی لەسەر دەكەن.

پرسیار

١- مەبەست لەدەرامەتی ئاو چییە؟

٢- ئاوی سەر زەوی لەعێراق لەچی پێك هاتووە؟

٣- ئاوی ژێرزەوی بەپلەی چەندەم دێت؟

٤- ئەو هۆكارانە چین كە كاردەكەنە سەر رێژەی ئاوی ژێر زەوی؟

٥- ئاوی ژێر زەوی (ناوچەی جەزیرە) تامی خۆش نیە، بۆچی؟

بەندی چوارەم

خاكی عێراق

هۆكاری ئاوو هەوا وجۆری بەردو بەرزی و نزمی و رووەكی خۆرسك دەرئەنجامێكی سەرەكی هەیە بۆ بوونی جۆراو جۆریەتی خاك لە عێراق كەمی باران و پلەی گەرمی بەرز دەبێتە هۆی بوونی شۆرەكاتی (سوێری) خاك لەكاتی ئاودانی، كەمی رووەكی خۆرسك هۆكارێكە بۆ كەمی ماددەی ئەندامی لە خاك بوونی جۆرەها كانزا لە بەردی دایك هۆكارێكە بۆ بە پیتی خاك لە ماددەی كانزایی وەك (كالسیۆم وگۆگردو فۆسفات و پۆتاسیۆم و نایترۆجین و مەگنسیۆم و مەنگەنیزو ئاسن و كلۆر).

"ڕاهێنان "

جۆر بەجۆر بوونی خاك دەبێتی هۆی

جۆر بەجۆر بوونی



قوتابی ئازیز: بۆشاییەكان بەوشەی گونجاو لەم وشانەی خوارەوە پڕ بكەرەوە:

روەكی سروشتی ، ئاوو هەوا ، بەروبوومی كشتوكاڵی

ڕووەکی سروشتی

ڕووەکـی سروشـتی کۆمـەڵێك هۆکـاری سروشـتی کـاری لێ دەکـات وەك ئاووهەوا و خاك و بەرزی و نزمی کە لە ئەنجامی ئەم هۆکارانە چـوار هـەرێمی جیاوازی ڕووەك بەدیار دەکەوێت لە عێراق:–

١– ناوچەی دارستان و گژوگیا شاخاویەکان:	دەکەونە هەرێمی کوردستان
٢– ناوچەی کورتە گیای گەرمە سێر (ئیستێپس)	

٣– ناوچەی ڕووەکی ڕووبەرە ئاویەکان

٤– ناوچەی ڕووەکە بیابانەکان.

ڕاهێنان: لەبارەی گرنگی دارسـتان دوو گروپـی قوتابیـان راپـۆرت ئامـادە دەکەن، گفتوگۆی لەسەر دەکەن.

٣- ناوچەی ڕووەکی ڕووبەرە ئاوییەکان:

لـە ناوچـەی دەشـتی نیشـتەنی لـە باشـوری عێـراق بـەدیار دەکـەوێت، گرنگترین ڕووەکە سروشتیەکانی ناوچەکە بریتین لە قـامیش و زەل و بەلـەك، کە سوودی ئابوریشیان هەیە.



قامیش لە ڕووبەرە ئاوییەکان

٤- ڕووەکی بیابان:

بەرگەی گەرماو وشکانی دەگرێت، کە ٧٠٪ ڕووبەری عێراق دەگرێتەوە، ئەم ڕووەکە ماوەی (٨) مانگ بەرگەی بێ ئاوی و پلەی گەرمی بەرز دەگرێت. گرنگترین ڕووەکی ئەم ناوچەیە بریتین لە جۆکێویلەو شمڵی و وشتر خۆرک (حوشترالوك).

چالاکییە ئابوورییەکان

کۆمەڵە چالاکییەکی دانیشتوان دەگرێتەوە وەك :

یەکەم – کشتوکاڵ:

لە بەر هەبوونی رووبەری زەوی تەختایی فراوان لە عێراقدا و بەهۆی گونجانی ئاوو هەوا و دەرامەتی ئاو و خاکی بەپیت چالاکی کشتوکاڵی بەدیار کەوتووە لەعێراقدا، لەکۆنەوە تاوەکو ئێستا پتر لە ٥٠٪ ی دانیشتوان خەریکی کشتوکاڵن.

بەرهەمی کشتوکاڵی لە عێراق دوو جۆرە:

١- دانەوێلە (گەنم و جۆ).

٢- لۆکەو برنج.

گەنم بەرهەمێکی کشتوکاڵی زستانەیەو خۆراکی سەرەکی دانیشتوانە، بەدیار دەکەوێت لە هەرێمی کوردستان بەهۆی بوونی بارانی تەواو و خاکی بەپیت و پلەی گەرمی گونجاو. بەرهەمی دانەوێلە جیاوازەو لە ساڵێك بۆ ساڵێکی تر، لە ئەنجامی گۆڕانی رادەی باران لە ساڵێك بۆ ساڵێکی تر. ٥٠٪ رووبەری زەوی کشتوکاڵی چاندراوە بە دانەوێلە جۆ دەچێنرێت، لە زۆربەی شارەکانی عێراق بەئاودان لە وەرزی زستان، پێویستی بەخاکی بەپیت نییە.

لۆکە بەرهەمێکی هاوینیە لە زۆربەی شارەکانی عێراق بەدیار دەکەوێت، بەڵام لە رووبەری چاندنی دەگۆڕێت لە پارێزگایەك بۆ پارێزگایەکی تر، گەورەترین رووبەر لە شارەکانی هەرێمی کوردستان.

بەتایبەتی لە پارێزگای کەرکوك، بەپلەی دووەمیش پارێزگای دیالە بەپلەی سێیەمیش پارێزگای بابل دێت. بۆ پیشەسازی رستن و چنین سودی

لـێ وەردەگیرێـت، دنکەکـەی بـۆ پیشەسـازی روون و سـابوون بـەکاردێت، پاشماوەی تری پاش هاڕینی بەکەلکی ئالیکی ئاژەل دێت.

هەروەها بەرهـەمی برنج کـە هاوینەیـە، یـەك لـە گرنگترین خواردنـەکانی مرۆڤی عێراقە، لە زۆربەی شارەکانی عێراق بەدیار دەکەوێت لـە دەوروپشـتی رووبارەکان ولقەکانی بەهۆی پشت بەستنی بەئاودان.

پارێزگای نەجەف بە پلەی یەکەم دێت لـە رووبـەر و بەرهـەمی بـرنج ٤٤٪ رووبەری پارێزگای نەجەف بە برنج چاندراوە. لە ئـەنجامی بـوونی هۆیـەکانی بوونی برنج کە پێك دێت لەبوونی ئاوو خاکی جبسی و کلسـی و وهێـزی کـار. پارێزگـای موسـەنا و پارێزگـای قادسـیە بـە پلـەی دووەم و سـێیەم دێـت لـە چاندن و بەرهەم هێنانی برنج.

هەروەها لە شارەکانی هـەرێمی کوردسـتان بـەدیار دەکـەوێت و وەشـاری سلێمانی بە پلەی یەکەمەو هەولێرو دهۆك بە پلەی دووەم و سێیەم. هەروەها پێویستە بزانین لە پێنج پارێزگـای عێـراق چـاندنی بـرنج نییـە وەك (بەغـدا و ئەنبار و بابل و کەربەلا و سەلاحەدین).

٣- دار خورما

لە دەشتی نیشتەیی عێراق لە دەوروبەری رووبارەکـان بـەدیار دەکـەوێت، بەتایبەتی لە دەوروبەری شەتولعەرەب، هۆی بوونی دەگەڕێتەوە سەر بـوونی ئاوو خاکی بەپیتی نیشـتەیی. و بـوونی پلـەی گـەرمی بـەرزو تیشـکی خـۆرو وشـــکی (شـــێ ی کـــەم). ٤٠٪ ژمـــارەی دارخورمـــای عێـــراق لەناوچـــەی شەتولعەرەبە، پارێزگاری بەسرە بەپلەی یەکەم دێت لەم بەرهەمـە بەرێـژەی ٤٥٪ لـە کـۆی بەرهـەمی خورمـا. شـاری دیالـە و ناسـریە بـە پلـەی دووەم و سێیەم.

وێنەی دارخورما

مرۆڤ بۆ خۆراکی خۆی بەکاری دەهێنێت لەناو وڵات و لەکاتی فرۆشتندا داهاتی نەتەوەیی بۆ عێراق دابین دەکات، لە پیشەسازی خواردن و پسکێت و خەل سوودی لێ وەردەگیرێت جگە لە پیشەسازی دۆشاوی خورما. هەروەها چاندنی کونجی لە عێراق کە بەرهەمێکی هاوینەیە بۆ پیشەسازی رۆن وز سابون سوودی لێ وەردەگیرێت.

سەوزە یەکێکە لە خواردەمەنییە سەرەکیەکانی عێراق، بەڵام داواکاری ناوخۆ لە بەرهەمهێنان زیاترە.

هەروەها باخی میوە جگە لە خورما وەك (هەنارو سێو و پرتقال و خۆخ و گوێز و فستق و زیتون)، کە پرتقال و لیمۆ لە پارێزگای بەغداو دیالە دەچێندرێت و بە پلەی یەکەم و دووەمە، لە ژێر سێبەری دارخورما

دەچێندرێت. بەڵام داری مێو(ترێ) لە شاری سلێمانی بەدیار دەکەوێت، بەڵام لە شاری هەولێر و دهۆك بە پلەی کەمتر.

هەروەها هەنار لەپارێزگای بەغدا و دیالە و کەربەلا بەدیار دەکەوێت بەرێژەی ٧٠٪ بەرهەمی عێراق لەم میوەیە. زەیتوون لە شاری موسل بە پلەی یەکەم دێت کە ٧٢٪ کۆی دارەکانی زەیتوونی عێراق لەم پارێزگایەیە. بەڵام گوێز و فستق لە شارەکانی کوردستان بەدیار دەکەوێت بە تایبەتی لە سلێمانی.

وێنەی سەوزە

گرفتی کشتوکاڵ:

١- کەمی بەکارهێنانی پەین.

٢- زۆری رێژەی خوێ لە خاکی عێراق لە ناوەڕاست و باشوری عێراق.

٣- نەشارەزایی جوتیار بەڕێگەی نوێی کشتوکاڵی.

٤- نەبوونی پلانی کشتوکاڵی بۆ بەرهەم هێنانی کشتوکاڵ بەباشترین تۆ.

٥- نەبوونی یارمەتی بۆ جوتیار بەپێدانی (پێشینە) بۆکڕینی تۆو پەین، و گێرانەوەی (پێشینە) لە دوایی فرۆشتنی بەرهەم.

٦- بەکارهێنانی سیستەمی بەیار (بەنۆرە چاندنی زەوی) هۆیەکە بۆ کەمی بەرهەمی جوتیار بەتایبەتی لە زەوییە بچووکەکاندا.

دووەم - بەخێوکردنی ئاژەڵ:

لە بەرهەبوونی هۆکاری بەخێو کردنی ئاژەڵ وەك (رووبەری زەوی فراوان، ئاو و هەروەها بازار بۆ کڕینی بەرهەمەکانی ئاژەڵ) رێژەی بەردەوام لە گەشەکردن دایە و بەردەوام داواکاری لەسەر زۆرە، لە ئەنجامی پەرەسەندنی ژیانی خێزانی عێراقی و زۆربوونی ژمارەیان لەم کاتە ژمارەی ئاژەڵ پێویستی ناوەخۆ دابین بکات، بەتایبەتی لە گۆشت. بەخێو کردنی ئاژەڵ گرنگە چونکە خواردنی مرۆڤ و کەرەستەی خاوی پیشەسازی خۆراك دابین دەکات، هەروەها پاشەرۆکەی پەیینی ئەندامیە بۆ کشتوکاڵ، جگە لەوەش یەکێکە لە چالاکیەکانی مرۆڤی عێراقی.

دەتوانین بەخێوکردنی ئاژەڵ بکەینە چەند بەش:

١- ئاژەڵی گۆشتی سوور:

لە بزن و مەڕ و مانگا و گامێش و وشتر پێك دێت، جگە لە بەرهەمی گۆشت بەرهەمی شیر و خوری و پێستیان هەیە، لە هەموو پارێزگاکانی عێراقدا دەردەکەوێت.

گامێش جگە لەبەرهەمەکەی بۆ کاری کێڵگەش سوودی لێ وەردەگیرێت، پێشتر تەنها لە هۆرو زۆنگاوەکان بەخێودەکرا، بەڵام ئێستا لە زۆربەی شارەکان کە لە نزیك رووبەری ئاویین پەیدا دەبێت.

گەورەترین ژمارەی **مەڕ** لە پارێزگای موسل دەردەکەوێت و پارێزگای دیالە و سەلاحەدین بە پلەی دووەم و سێیەم دێت. گەورەترین ژمارەی **بزن** لە پارێزگای سلێمانییە، بە پلەی دووەم و سێیەم لە پارێزگای **دهۆك** و هەولێر.

ژمارەی **مانگا** لە پارێزگاکانی میسان و زیقار بە زیاتر لە (٢٠٠٠٠٠) سەر دادەنرێت. گەورەترین ژمارەی **گامێش** لە پارێزگای بەغدایە ئینجا لە میسان و بەسرە، بەڵام حوشتر لە پارێزگای ذیقار بە رێژەی ٢٣٪ حوشتری عێراق پێکدەهێنێت.

٢- پەلەوەر:

هەموو جۆرە پەلەوەرەکان دەگرێتەوە، کە تەنیا بۆ مەبەستی گۆشت نییە، بەڵکو سوودی تریان هەیە. بەدوو رێگا بەخێو دەکرێت، یان لە کێڵگەی جوتیاران کە رێژەی کەمە یان لە کێڵگەی تایبەت.

بەخێوکردنی پەلەوەر دوو جۆرەیە:

١- کێلگەی پەلەوەر بۆ گۆشت.

٢- کێلگەی پەلەوەڕ بۆ هێلکە.شوێنی ئەم کێلگانە نزیکی شارەکانە (مەبەست نزیکی لە بازار).

پەلەوەر بەخێو کردن

بە مەبەستی گەشەپێدان و بەخێوکردنی پەلەوەر چەند جۆری بیانی هاوردەی بازاری عێراق کراوە، بەمەبەستی زیادکردنی ژمارەیان لە ئەنجامدا باشترین جۆری پەلەوەڕ لەکێلگەکان بەخێو دەکرێن. بەڵام تاکو ئێستا پێویستی ناوەخۆ پڕناکات بۆیە تا ئێستا بەشێك لە پێویستیەکان لە دەرەوەی وڵات هاوردە دەکرێت لە شێوەی (مریشکی سەربڕاو و بەستوو) جگە لە هێلکە کە بەشێك لە پێویستییەکان پێك دەهێنێت.

٣- ماسی:

بـە هـۆی بـوونی هـەردوو ڕووبـاری عێـراق و لقـەکانی و شـەتولعەرەب و کەنـداوی عـەرەب ، ڕووبـەرێکی فراوانـی ئـاوی بـۆ بـە خێـوکردنی ماسـی ڕەخسـاوە. جگـە لـە ڕاوە ماسـی سروشـتی چـەندەها حـەوزی بـەخێوکردنی ماسی دەستکرد لە عێراقدا دامەزراوە.

گرفتەکانی بەرهەمی ئاژەڵی لە عێراق:

أ- گرفتی سروشتی: لە ئەنجامی جیاوازی ئـاوو هـەوای عێـراق کـە ناسـراوە بەجیاوازی پلەی گەرما و گۆڕانی بەردەوامی باران بارین. ئەمانە دەبنە هـۆی دروست کردنی جێگای تایبەت بۆ ئاژەڵ، تا لە مەترسی گۆڕانکارییەکانی ئـاو و هەوای نەگونجاو بپارێزرێن.

کـەمی ئـاو بـە تایبـەتی لـە ناوەڕاسـت و ڕۆژئـاوای عێـراق گرفتێکـی مەترسیدارە تووشی ئاژەڵی عێراق دەبێت. لـە (هـەرێمی کوردسـتان) گرفتـی کـەمی بـاران و بـەفر بـارین لـە هەنـدێك سـاڵ مەترسـی لەسـەر ئـاژەڵ پەیدادەکات. لە بەر کەمی لەوەڕگا و بچووکیان، ژمارەیەکی زۆری ئـاژەڵ لـە ڕووبـەرێکی بچـووکی لـەوەرگاکان بـەخێو دەکـرێن، کـە کورتـە گیایـان لـێ دەڕوێت بەخێودەکرێن، لە ئەنجامدا ئاژەڵەکان لەبرسان تووشی لـەناو چـوون و مرداربوونەوە دەبن.

ب- گرفتی مرۆیی: بەهۆی گۆڕانی داواکاری بـەردەوامی دانیشـتوان لـە سـەر گۆشتی سـوور بۆ پەلـەوەر یـان ماسـی، بـە پێچـەوانەش بـەدیار دەکـەوێت، هـەروەها نـەبوونی خزمـەتگوزاری تەندروسـتی بەیتـەری بەشـێوەیەکی ڕێـك لەهەموو ناوچەکانی عێراق، بە تایبەتی لە کێڵگەکانی بەخێو کردنی پەلەوەر.

سێیەم – پیشەسازی:

پیشەسازی لە عێراق بەر لە ساڵانی ١٩٨٥ بەرەو پێشکەوتن بوو، لە نێوان ١٩٥٤– ١٩٨٥ گەورەترین پلەی پێشکەوتنی بەخۆوە بینیوە. ساڵانی پێش ١٩٥٤ز تەنیا ٥٪ دەستی کار لەعێراق لە پیشەسازی بووە، ٩٩٪ ئەم پیشەسازیانە جۆری بچوك و لەماڵەوە بوون کە (١ – ٢٥کرێکار) کاریان تێدادەکرد.

لەبەر بچوکی پیشەسازییەکان نەدەتوانرا پێویستی ناوەخۆ دابین بکات، زۆربەی پیشەسازییەکانیش لە جۆری چنین و دورینی جل و بەرگ و خواردەمەنی بوو.

میری چەند یاسایەکی دەرکرد بۆ پەرەپێدانی پیشەسازی بریتین لە:

١– دامەزراندنی بانك بۆ پێدانی قەرز.

٢– لێبووردنی لەباج یان کەمکردنەوەی ڕێژەکەی.

وێنەی کارگەیەك

پیشەسازی ناوەخۆ:

پیشەسازی ناوەخۆ دەکرێتە چوار جۆر:

١- پیشەسازی پشت بەبەرهەمی کشتوکاڵی و ئاژەڵ دەبەستێت وەك لە پیشەسازی لە قوتونانی خورماو هاڕینی گەنم و جۆ و هەویرکاری و نان و ڕوونی کونجی و خواردنەوەکان.....هتد.

وە پیشەسازیش پشت بەلۆکە دەبەستێت وەك بەتانی وسەرین هتد.. هەروەها پیشەسازی جۆرەها گوشراو و جگەرە و بەروبومی شیری و چەندین پیشەسازی ڕستن و چنین.

٢- پیشەسازی پشت بە کشتوکاڵی ناوەخۆ دەبەستێت وەك پیشەسازی رۆنی رووەك کە لە لۆکەو کونجی و جۆرەها گوڵە بەڕۆژە دەردەهێندرێت، پیشەسازی سابوون لەرۆنی زەیتون و پیشەسازی شیرینی لە گەنم و برنج و کونجی و میوە و گوێز و فستق.

هەروەها پیشەسازی شەکر لەچەوەندەر و قامیشی شەکر. جگە لە پیشەسازییەکانی تەختە وەك دروستکردنی کەلوپەلی ناوماڵ.

چالاکی:

گرووپێك لە قوتابیان بڵاوکراوەیەکی سەر دیوار ئامادە دەکەن (چالاکییە ئابوریەکان)ی تێدا بە وێنەوە دەخرێتە ڕوو.

٣- پیشەسازی پشت بەکەرستەی خاوی ناکشتوکاڵی دەبەستێت. وەك چیمەنتۆ، گەچ، کەرپوچ (خشتی سوورەکراوە)، قوڕ، کۆنکریت، کاشی و هیتر کە بۆ بەمەبەستی دروستکردنی خانوبەرە بەکاردێت.

٤- پیشەسازیەکان کە پشت بەکەرەستەی خاوی دەرەوە دەبەستن.

هەموو شتی دروستکراوی مەتبەخ دەگرێتەوە وەك ئاسن و مس و ئەلەمنیۆم هەیە، هەروەها پیشەسازی بەکارهێنانی زیو زێر و دروستکردنی مەکینەو ئامێری کشتوکاڵی و پیشەسازی ئوتومبێل، و پیشەسازی دروستکردنی دەرگا و پەنجەرە.

پرسیار:

پیشەکان لەعێراقدا دەبنە چەند بەشەوە؟ بیانژمێرە.

یەك لە گرنگترین پیشەسازیەکانی عیراق (نەوتە) کە لەدوای دەرهێنانی دەچێتە پاڵاوتن لەچەندەها پاڵاوتگەی عێراق کەرکوك و بەغداو بەسرە بە پیشەسازی پترۆکیمیاوی ناسراوە، هەروەها پیشەسازی قیر بۆ دروستکردنی رێگاوبانی ئوتومبێل لە عێراقدا وە پێویستیشی زیاد دەکات لەگەل پتربوونی ناوچەی شارستانیەتی.

هەروەها پیشەسازی چیمەنتۆ کە لە ناوچەی سلێمانی و موسل و سەماوەو هندیە و بەغدا بەدیار دەکەوێت.

دامەزراندنی پیشەسازی لەهەر ناوچەیەك پشت بە:

١- کەرەستەی خاوە.

٢- بوونی رێگای هاتوو چۆ.

٣- تێچون و پارەی تەرخان کراو.

٤- سیاسەتی حکومەت.

٥- پێویستی ئاو.

٦- هێزی کار.

٧- بازار.



دیمەنی بازاڕ

چوارەم - دەرهێنانی کانزا لە عێراق:

جۆری بەردو پێکهاتەی جیولوجیەکەی هۆکاری سەرەکییە بۆ بوونی کانزا، دەتوانین بڵێین زۆربەی کانزاکانی عێراق لە جۆری کانزای نافلزین وەك (نەوت و خەلوز، خوێ و گازی سروشتی) بەهۆی بوونی بەردی نیشتەنی لە زۆربەی رووبەری عێراق، پەیدا دەبن.

هەروەها کانزای فلزی وەك زیو و قورقوشم و ئاسن هتد. لە بەردی (ئاگرین و گۆڕاو) دا هەیە بەڵام لە ناوچەیەکی بچوك لە زنجیرە چیا بەرزەکانی هەرێمی کوردستان.

بەڵام لە ئەنجامی گەڕان بەدوای کانزا لە عێراق لەلایەن کۆمپانیا بیانیەکان دەرکەوت کە زۆرترین رێژەی کانزاکانی عێراق (نەوت)ە کە لە زۆربەی ناوچەکاندا هەیە، بەتایبەتی ناوچەی گردۆلکەیی(زورگ).

پرسیار: بۆچی کانزای فلزی لەچیاکان دەردەکەوێت؟

شێوازی دابەشبوونی کانزاکان لە عێراق بەم شێوەی خوارەوەیە:

جۆری کانزا	دابەش بوونی جوگرافی
نەوت	کەرکوك، خانەقین، عێن زالە، گەیارە، زبێر، میسان، کۆیە، مەخمور، کەلەك، زاخۆ.
قیر	گەیارە لەموسل، حەمام عەلیل لەموسل.
ئاسن	ئامێدی، رەواندز، قەلادزێ، چوارتا، سلێمانی، پێنجوین.
مس	رەواندز ، قەلادزە، چوارتا، سلێمانی، هەڵەبجە.
فۆسفات	لەناوچەی ($H_٢$) لە روتبە لەپارێزگای ئەنبار.
زێرو زیو	ئامێدی، قەلادزێ ، روتبە.
قورقوشم	لەزاخۆ و ئامێدی.
کروم	رەواندز
بایریت	زاخۆ و ئامێدی
مەگنسیۆم	رەواندز
خەلوز	لەکفری وئینجانە
یۆرانیۆم	($H_٢$) لەئەنبار و دهۆك.
گۆگرد	دهۆك، موسل، کەرکوك، فتحە.
خوێ	چوارتا، رەواندز، ئامێدی، کەربەلا، سەماوە، شەنگال، بەسرە.
مەرمەڕو حەلان	هەڵەبجە، چوارتا، قەلادزێ ، رەواندز ، پیرمام.
لمی شوشە	کەربەلا، کوفە، روتبە، نەجەف.
گرانیت و کوارتز	چوارتا.

نەخشەی دابەشبوونی کانزاکان لە عێراق

پێنجەم - ڕێگاکانی هاتوو چۆ کردن و بازرگانی:

بازرگانی لە ئەنجامی هەبوونی ڕێگای هاتووچۆ بەدیار دەکەوێت، هەروەها بوونی زۆری بەرهەم لە ناوچەیەك و نەبوونی لە ناوچەیەکی تری وڵات دەبێتە هۆی پەیدابوونی بازرگانی ناوەخۆ ئەگەر ئاڵوگۆڕەکە لە دەرەوەی سنوری وڵات بوو پێی دەڵێن بازرگانی دەرەوە.

١- ڕێگاکانی هاتووچۆ:

ڕێگای هاتووچۆ بنکەی پێشکەوتنی ئابووری و کۆمەڵایەتییە، پەیوەندی نێوان هەموو بەشەکانی وڵات پتەو دەکات کە لە پێشودا گەیشتن بەو ناوچانەی دژواربوون. ڕێگاکانی هاتووچۆ لە عێراق سێ بەشە.

أ- ڕێگای وشکانی: پێك دێت لە ڕێگای ئوتومبێل لەناوچەی دەشتەکان نرخی دامەزراندن کەمی تێدەچێت، ئەگەر بەراورد بکرێت لەگەڵ ڕێگایەکی ئوتومبێل لە ناوچەی شاخاوی، بەهۆی سروشتی رووی زەوی، کە لە ئەنجامدا ڕێگاکان درێژتر دەبن.

پرسیار:

بۆچی تێچوونی ڕێگاوبان لە ناوچەی شاخاوی زۆرە؟

گرنگترین ڕێگاکانی ئوتومبێل لە عێراقدا ئەمانەن:

١- ڕێگای بەغدا ـ کوت ـ عەمارە ـ بەسرە.

٢- ڕێگای بەغدا ـ حلە ـ دیوانیە ـ سەماوە ـ ناسریە ـ بەسرە.

٣- ڕێگای بەغدا ـ رومادی ـ حەدیسە ـ قائیم.

٤- ڕێگای بەغدا ـ ڕەمادی ـ ڕوتبە.

٥- ڕێگای بەغدا ـ تکریت ـ موسڵ ـ دهۆك.

٦- ڕێگای بەغدا ـ بەعقوبە ـ خانەقین.

٧- ڕێگای بەغدا ـ کەرکوك ـ هەولێر.

٨- ڕێگای بەغدا ـ کەرکوك ـ سلێمانی.

نەخشەی ڕێگای ئۆتومبێل لە عێراق

پرسیار

١- بۆچی بازرگانی پەیدابوو؟

٢- بۆچی ریگای هاتوو چۆ گرنگە؟

٣- ریگای ناوچەی دەشتی نیشتەیی و بانی رۆژئاوا تێچونی کەمە، بۆ؟

رێگاکانی شەمەندەفەر دەست پێدەکات لە:

١- بەغدا ـ تکریت ـ موسل ـ رەبیعە.

٢- بەغدا ـ حلە ـ دیوانیە ـ سەماوە ـ ناسریە ـ بەسرە.

٣- بەغدا ـ رومادی ـ حەدیسە ـ قائیم ـ عەکاشات.

٤- حەدیسە ـ بێجی ـ کەرکوك.

ب- رێگای ئاوی:

رووباری دیجلە لە بەشی کوردستان بۆ هاتووچۆکردنی ئاوی ناشێت، بەهۆی لێژی ناوچەکە و خێرایی ئاوەکە، هەروەها رووباری فورات بە دۆڵی تەسکدا تێدەپەرێت لە بانی رۆژئاوا بۆیە هاتووچۆی تێدا ناکرێت، بەلام هەردوو رووبارەکان لە باشووری بەغدا بۆ هاتووچۆکردن سوودیان لێوەردەگیرێت. ئەو کەشتی و بەلەمانەی کە هاتووچۆی تێدا دەکەن بچووکن، بەلام ئەو کەشتیانەی کە بەناو شەتولعەرەبدا رەت دەبن لە جۆری مام ناوەندین.

جـ- گواستنەوەی ئاسمانی:

کۆمەڵێك هێڵی هاتووچۆی ئاسمانی لە عێراقدا هەیە:

١- بەغداد.

٢- هەولێر.

٣- سلێمانی.

٤- بەسرە.

٥- موسل.

پرسیار:

بۆچی رووباری دیجلە لە هەرێمی کوردستان بۆ هاتووچۆی ئاوی ناشێت؟

٢- بازرگانی:

بازرگانی لە عێراق دوو جۆرە:

أ - بازرگانی ناوەخۆ: لە ئەنجامی جیاوازی بەرزی و نزمی رووی زەوی عێراق بە دیاردەکەوێت، کاری کردۆتە سەر جیاوازی ئاو و هەوا و فرەچەشنی بەروبوومی ئاژەڵ و کشتوکاڵ و رووەکی خۆرسك. لە ئەنجامدا بازرگانی ناوەخۆ پەیدابووە.

جگە لەمەش بازرگانی بەهێز لە نێوان گوندو شارەکان و لە هەموو ناوچەکانی عێراق لەلایەك و لە نێوان شارەکانی عێراق و پایتەخت لە لایەکی ترەوە هەیە، بەهۆی بوونی زۆربەی دامەزراوە پیشەسازییەکان لە پایتەخت.

هەروەها بازرگانی ناوەخۆ لە نێوان شار و گوندەکاندا هەیە بۆ ئاڵوگۆڕکردنی کەلوپەلی نیشتمانی.

ڕێگای ئاسمانی

ڕێگای ئاوی

ڕێگای ووشکانی

وێنەی کەشتی و فڕۆکە و شەمەندەفەر

ب - بازرگـانی دەرەکـی: ئـەم بازرگانییـە لـە نێـوان عێـراق و وڵاتـانی دەوروبەرییـەتی بەهـەموو جۆرەکـانی ڕێگـای گواسـتنەوە، بەتایبـەتی گواستنەوەی وشـکانی، کـە گواسـتنەوەی شـتی دروسـتکراو و خواردەمـەنی بەهـەموو جۆرەکانییـەوە لـە نێـوان ئێـران و تورکیـا و سـوریا لەگـەل عێـراق بەگشت ڕێگاکانی نێو دەوڵەتی عێراق ئەنجام دەدرێت. جگـە لەمـەش ڕێگـای وشکانی، لولەی نەوت و گازی سروشتی لە نێوان کێڵگـە نەوتـەکانی عێـراق و بەندەرەکانی دەریای ناوەراسـت لـە سـوریا و تورکیـا، جگـە لەبەنـدەرەکانی عێـراق کـە لـە وێـوە نـەوت بـەرەو جیهـان بـە کەشـتییە نـەوت هـەڵگرەکان دەنێردرێتە دەرەوە.

هـەروەها شـەمەندەفەریش هەیـە بـۆ گواسـتنەوەی بازرگـانی نـاوەخۆ بەکاردێت بە تایبەتی گواستنەوەی بەرهـەمی کشـتوکاڵی لـە نێـوان ناوچـەی گردۆڵکەی و دەشتی لیتەیی، لە بەسرە بـەرەو بەغدا، موسـل، و ناوچـەکانی تر.



دیمەنی بەندەرێك

بەندی حەوتەم

دانیشتوان

ژمارەی دانیشتوان لە عێراق بەردەوام لە زیادبووندایە لە ساڵانی دوای ١٩٢٧ز تاکو ئێستا، لە سەر ژمێری ١٩٥٧ز ژمارەی دانیشتوانی عێراق گەیشتە (٦٤٩٥٠٠٠) کەس، بەڵام لە ساڵی ١٩٧٧ز گەیشتە (١٢١٧١٠٠٠) کەس، لە ساڵی ١٩٨٧ز چڕی دانیشتوانی عێراق گەیشتە(٢٨کەس/ کم٢)، بەڵام ئەم چڕییە لە هەموو ناوچەیەك وەك یەك نییە، لە ناوچەی بیابان کەمترینەو لە چیا بەرزەکان دانیشتوان کەم بەڵام دانیشتوانی دەشتەکان زۆر زیاترە.

بەرزترین چڕی دانیشتوان بەگوێرەی ئەم خاڵانەی خوارەوە دەردەکەوێت:

چڕی دانیشتوان بە گوێرەی ناوچە جیاوازەکانی عێراق:

١ـ **ناوچەی چڕی زۆر بەرز:** پارێزگای بەغدا دەگرێتەوە کە چڕی ١٠٨کەس / کم٢.

٢ـ **ناوچەی چڕی زۆر:** لە پارێزگای بابل بە چڕی ٦٢کەس / کم٢.

٣ـ **ناوچەی چڕی ناوەند:** پارێزگای کەرکوك و بەسرە و قادسیە و زیقار و سلێمانی و هەولێر و دهۆك و نەینەوا کە چڕی دانیشتوانیان لە نێوان (٣١ – ٥٣) کەس /کم٢.

٤ـ **ناوچەی چڕی کەم:** چڕیان لە نێوان (١٥ – ٢٣)کەس /کم٢، پارێزگای واسیت و میسان و سەلاحەدین و نەجەف.

٥ـ **ناوچەی چڕی زۆر کەم:** چڕی دانیشتوان لە نێوان (٤ – ٥)کەس /کم٢ لە پارێزگای ئەنبار و کەربەلا و موسەننا کە دەکەونە بانی ڕۆژئاوای عێراق.

هـۆی بـەرزی چـڕی دانیشـتوان دەگەڕێتـەوە بـۆ بـوونی سـەرمایەی زۆرو (بوونی پیشەسازی و بازرگانی و دامەزرانـدنی کۆمپانیـا بـۆ بازرگـانی گشـتی هـەروەها بـوونی چـەندەها دامودەزگـای مـیری و... هتـد. کـە دەبێتـە هـۆی کۆبوونـەوەی دانیشـتوان لـەم شـارانە). بـە پێچـەوانەی ئـەو ناوچـانە کـە دانیشتوانیان کەمە.

پێکهاتەی تەمەنی و ڕەگەزی دانیشتوانی عێراق

گرنگی ناسینی پێکهاتەی تەمەنی گرنگە بۆ زانینی:

١- تەمەنی بچوک (مندالٚ) (١ ـ ١٤) سالٚ:

تەمەنی بەخێوکردنن، ڕێژەیان لە عێراق ٤٥٪ کۆی دانیشتوانی عێراق پێك دەهێنێت، ئەم تەمەنە پێویسـتیان بەچاودێریکردنی خوێنـدن و تەندروسـتی لەلایەن دامودەزگا میریەکانەوە هەیە.

٢- تەمەنی ناوەند (١٥ ـ ٦٤) سالٚ:

ئەم تەمەنە تەمەنی کارکردن و گەشەکردنی دانیشتوان، هـۆی زیـادبوونی دانیشتوانە لە هـەر ولاتێك، ڕێـژەی لـە کۆمـەلگا دەگاتـە ٤٢٪ی دانیشـتوان، بەلام ئەم تەمەنە گرفتی کۆچ کردنی بەرەو دەرەوەی ولات هەیە، کە لـەدوای سالانی ١٩٨٠ز پەیدابوو لـەماوەی جـەنگی عێـراق و ئێـران و جـەنگی کوێـت سالی ١٩٩٠ و ئابلۆقەی عێراقی ئابووری زیاتر بوو، بووە هۆی کەمبوونـەوەی هێزی کار و تەمەنی گەشەکردنی دانیشتوانی عێراق.

٣- تەمەنی گەورە (٦٥ساڵ و سەرووتر):

ڕێژەیان لە نێوان (٤ ـ ٧٪) دانیشتوانی عێراقە، پێویستیان بە چاودێری و بەخێوکردن هەیە چونکە باری تەندروستیان لە دابەزین دایە. بەڵام ئەم ژمارانە تا ڕادەیەك تەواو نییە بەتایبەتی خەڵکانی تەمەنی کارکردن (١٥-٦٤) ساڵ. بەهۆی ئەوەی کە ژنان بەزۆری لەماڵەوە دانیشتوون و بێ کارن و باری بەخێوکردنیان دەکەوێتە سەر ئەستۆی دەوروبەریان.

پێکهاتەی ڕەگەزی دانیشتوانی عێراق:

مەبەست لەم پێکهاتە ناسینی ژمارەی نێر و مێی دانیشتوانی عێراقە.

بەشێوەیەکی گشتی ژمارەی کچ لە ژمارەی کوڕ زیاترە لەبەر ئەم هۆیانە:

١- هەڵگیرسانی شەڕی عێراق و ئێران، لە دواییدا شەڕی کوێت، بوونە هۆی لەناوچوونی ڕێژەیەکی زۆر لە ڕەگەزی نێرینە لە عێراق.

٢- کۆچکردنی زۆربەی نێرینە لە عێراق، لەبەر مەترسی شەڕ یان بەهۆی گەڕان بەدوای ژیانێکی خۆشتر و ئارامتر لە دەرەوەی عێراق.

٣- هۆکاری بایۆلۆجی کاردەکاتە سەر منداڵی تازە لە دایکبووی نێر، کە کەمتر بەرگەی نەخۆشی دەگرن، بەڵام مێیەکان لەشیان بەهێزترە لە منداڵی نێر بە تایبەتی لە تەمەنی کەمتر لە ساڵێك.

٤- زۆربەی ئامارەکان ژمارەی تەواویان تێدا نییە، بەهۆی پێنەدانی زانیاری دروست لەلایەنی خێزانەکان لەبەر مەترسی بە سەربازگیری کوڕەکانیان.

چالاکی: گرووپێك لە قوتابیان بڵاوکراوەیێکی سەر دیوار ئامادە دەکەن لە بارەی (دانیشتوان) و کێشەکانی لە عێراقدا.



پارێزگا	دهۆک	هەولێر	سلێمانی	کەرکوک	نەینەوا	دیالە	سەلاحەدین	بەغدا	حیللە
چڕی	٤٨	٦٤	٦٨	٦٣	٤٥	٦٠	٣٣	٨٧٨	٢٧٤
پارێزگا	بەسرە	موسەننا	میسان	واسط	زیقار	ئەنبار	قادسیە	نەجەف	کەربەلا
چڕی	٦٢	٧	٣٣	٣٩	٨٣	٧	٧٥	٧	١١٩

نەخشەی چڕی دانیشتوانی عێراق

گەشەکردنی دانیشتوانی شارەکان

فراوانبوونی شارەکانی عێراق بەگشتی لە ئەنجامی ئەمانەیە:

کۆچکردنی دانیشتوانی گوند بۆ شارەکان بەتایبەتی لە شاری هەولێرو دهۆك و سلێمانی، لەبەر ئەم هۆکارانە:

أ ـ تێکدانی گوندەکان لەلایەن حکومەتی ئەو سەردەمە بە بیانووی یارمەتیدانی هێزی پێشمەرگە.

ب ـ جیاوازی نێوان شارو گوند، لەبەرهەبوونی جۆرەها کار لەشار، کە لە گوند نیە.

جـ ـ بوونی جۆرەها خزمەتگوزاری وەك: (ئاوی پاك و بنکەی تەندروستی و قوتابخانە و هتد).

لێرە پێویستە ئەم فراوانبوونەی شارەکان رابگیرێت بەشێوەیەك کە شار شێوەی شارستانیەتیەکەی بمێنێتەوە، بەم خاڵانەی خوارەوە:

١- راگرتنی فراوانبوونی شارەکان بەدامەزراندنی پشتێنەیەکی سەوز لە دەوروبەری شارەکان بەمەبەستی ڕاگرتنی فراوانبوونی ئاسۆیی.

٢- دامەزراندنی شاری نوێ بەپێی پێویست بەتایبەتی شاری پیشەسازی، و هۆیەکانی دامەزراندنی پیشەسازی نزیك بێت لە بازار یان کەرەستەی خاو یان هەر هۆکارێکی تر.

٣- فراوانکردنی شارەکان، بەڵام بەشێوەیەکی ستوونی بەدامەزراندنی (باڵەخانەی دانیشتوان).

٤- دامەزراندنی ناوچەی نیشتەجێبوونی دەوروپشتی شارەکان بەڵام بە شێوەیەکی نەخشە دارێژراو.

پرسیار: فراوانبوونی رووبەری شار بەشێوەی ئاسۆیی بۆ ئەم سەردەمە زۆر لەبار نییە، بۆچی؟

جوگرافیای هەرێمی کوردستان ـ عێراق

نەخشەی هەرێمی کوردستانی عێراق

جوگرافیای سروشتی هەرێمی کوردستان ـ عێراق

چەمکی کوردستان:

دوای دروستبوونی دەوڵەتی عێراق لە دوایی شەڕی یەکەمی جیهانی، زاراوەی عێراق لە ڕووی کارگێڕی و سیاسییەوە هەموو ئەو خاکەی دەگرتەوە کە کەوتە ژێر دەسەڵاتی دەوڵەتی عێراق لە نێویشیدا بەشی باشووری کوردستان کە ناودەبرێت بە هەرێمی کوردستانی عێراق، ئەوەی پەیوەندی بە زاراوەی (هەرێم)یشەوە هەیە لە ڕووی جوگرافییەوە: ئەو پارچە خاکەیە کە دیاردەیەك یان چەند دیاردەیەکی جوگرافیان پێك دەچێت تا ئەو ڕادەیەی وا لەو پارچە خاکە دەکات تایبەتمەندییەکی وای هەبێ لە پارچەکانی دەوروبەری جودای بکاتەوە، سەبارەت بە هەرێمی کوردستانی عێراق دەبینین ژمارەیەك تایبەتمەندی جوگرافی هەن وادەکەن کە کوردستانی عێراق هەرێمێکی جوگرافی جیاواز بێت، لەوانە بە پلەی یەکەم هەرێمێکی مرۆییە نیشتمان و خاکی کوردانەو زۆربەی زۆری دانیشتوانەکەی کوردن، لە ڕووی بەرز و نزمی خاکەوە لە هەرێمەکانی دیکە جیاوازە، بەوەی لەپاڵ دۆڵی قوڵ و گرد و دەشتی فراواندا زنجیرە چیای بڵندیش هەیە، هەروەها تاکە هەرێمی عێراقە کە ئاوو هەوایەکی شێدار و نیمچە وشکی هەیە، لە ڕووی گیاو ڕووەکی سروشتی، باڵندە، گیانداری کێوی، ئاوی ژێر زەمین و سەر زەمینیشەوە دەوڵەمەندترین هەرێمی عێراقە، کەواتە هەرێمی کوردستانی عێراق بەهۆی تایبەتمەندیە مرۆیی و سروشتییەکانیەوە هەرێمێکی جوگرافی جیاوازە لە هەرێمەکانی دیکەی عێراق.

سنووری جوگرافی هەرێمی کوردستانی عێراق:

سـنووری ڕۆژهـەڵات و بـاکور و بـاکوری ڕۆژئـاوای هـەرێمی کوردسـتانی عێراق سنووری نێودەوڵەتیە لەگەڵ هەریەك لە دەوڵـەتانی ئێـران و تورکیـا و سـوریا، بـەڵام سـنوری باشـوور و باشـووری ڕۆژئـاوای هـەرێم لەناوقـەدی عێراقـەوە لـە باشـووری ڕۆژهـەڵاتی شارۆچـکەی بـەدرە لـە پارێزگـای واسـت دەست پێدەکات، بـەرەو بـاکوور تـا پـردی نـەوت لـە ڕۆژئـاوای شارۆچـکەی مەندەلی هەڵدەکشێت، بەتەنیشت بەرزاییەکانی حەمرینەوە تـا فەتحـە دەڕواو شان بەشانی ڕووباری دیجلە سەردەکەوێ و لە باکووری شاری موسـڵ بـەرەو باشووری ڕۆژئاوا دەچێت بـە ئاراسـتەی شارۆچـکەی حـەزەر، پاشـان بـەرەو ڕۆژئاوا تا دەگاتە سنووری عێراق – سوریا لە باکووری شارۆچکەی بەعاج.

ڕووبەری هەرێم نزیکـەی ٨٠,٠٠٠ کیلۆمـەتری دووجـای دەبـێ کـە دەکاتـە زیاتر لە ١٨٪ ی سەرجەمی ڕووبەری عێراق، بەم شێوەیە هەرێم لە نێوان دوو بازنەی پانی (٣٣° – ٣٧°) باکووری هێڵی یەکسان دایە، و لە نێوان هـەردوو هێڵی درێژی (٤١° – ٤٦°) ڕۆژهەڵاتی هێڵی گرینج دایە.

نەخشەی کارگێڕی کوردستانی عێراق

بەندی یەکەم

بەرز و نزمی ڕووی زەوی هەرێمی کوردستان

شوێنی جوگرافی هەرێمی کوردستانی عێراق کاری کردۆتە سەر ڕواڵەتی بەرز و نزمی ڕووی زەوی و خاکەکەی، ئەمەش ڕواڵەتێکی ئەو هۆکارە جیۆلۆجیانەیە کە یەك بەدوای یەك بەسەر ئەم پارچەیەی گۆی زەویدا هاتوون.

دەتوانین ئەم پارچەیە وا وەسف بکەین کە بریتیە لە پێچی کورِ کە پێچ و دۆڵی ڕووچاڵیان دەکەوێتە نێوانەوە، ئەم پێچانە شێوەی شۆڕبوونەوەیەکیان وەرگرتووە کە لە باکووری ڕۆژئاوای هەرێمەوە بەرەو ڕۆژهەلات دەچێ و پاشان بەرەو باشووری ڕۆژهەلات شۆڕدەبێتەوە، کەواتە ڕووی زەوی هەرێمی کوردستان جیاوازە لەڕووی بەرزی و نزمییەوە، بۆیە دەتوانین دابەشی بکەین بۆ دوو بەشی سەرەکی:

١- ناوچەی شاخاوی.

٢- ناوچەی زورگ (نیمچە شاخاوی).

١- ناوچەی شاخاوی:

ئەم ناوچەیە باکوری ئەوپەری باکوری ڕۆژهەلاتی هەرێمی کوردستان دەگرێتەوە، چیاکانی ئەم ناوچەیە بلندو سەرکەشن و بەرزییان لە نێوان (١٠٠٠- ٣٦٠٠م)، زۆربەی چیاکانی ئەم بەشە بە پێچی زۆر تیژو نشێوی ڕك ناسراون.

دەتوانرێت ناوچەی شاخاوی لەسەر بنەمای بەرزی و پێکهاتەی جیۆلۆجی بکرێتە دووزنجیرە شاخ:

أ- زنجیرە شاخە بەرزو پێچ ئاڵۆزەکان: لە باکورو باکوری ڕۆژهەڵات کە بەرزاییان لە نێوان ٢١٠٠- ٣٦٠٠مەترە، پێچەکانی ئەم ناوچەیە بە زۆری لوتکەو سەختی و ڕکی نشێوی داوێنەکانی ناسراون زۆر جاران پێچەکانیان لێک نزیک دەبنەوە، بارستای شاخەکانی فراوان دەبێت، بەمەش دۆڵە جیاکەرەوەکان زۆر تەنگ دەبنەوە ئەوەی سەختیی ناوچەکەی زیاتر کردوە کاریگەری توندی هۆکارەکانی داماڵینە بەهۆی باران و بەفرەوە، لە چیاکانی ئەم ناوچەیە چیاکانی (مەهرنار و ئاشینە و سەرمەیدان) لە سنووری عێراق و تورکیا، چیای حەساری ڕۆستێ بەرزییەکەی لە ٣٦٠٧ مەترە و چیاکانی (قەندیل و هەورامان) لەسەر سنووری عێراق و ئێرانە.

ب- زنجیرە شاخە پێچە سادەکان:

ئەم ناوچەیە دەکەوێتە باشوری ناوچەی یەکەم، بەرزایی چیاکانی لە نێوان ١٠٠٠ — ٢١٠٠ مەترە، ئەم ناوچەیە بەکەمی پێچ و چەمانەوەی چینە بەردییەکان جیا دەکرێنەوە، لەگەڵ ئەوەی چیاکانی ئەو ناوچەیەش کەوتوونەتە ژێر کاریگەری داماڵین و لەتبوونەوە بەڵام زنجیرە چیاکانی ئەم ناوچەیە بەشێوەیەکی روونتر بەدەر دەکەوێ. لەزنجیرە چیاکانی ئەم ناوچەیە کە سنوری باشوری ناوچەکە دیاری دەکات واتە لە ناوچەی زورگ جیای دەکاتەوە زنجیرە چیاکانی (بێخێر ، سەفین ، هەیبەت سولتان ، قەرەداغ و زەردەداغ) هەروەها ژمارەیەك بان لە نێوان خۆیان دەگرن.

بانی پێنجوین دەکەوێتە باکوری پارێزگای سلێمانی و گەورەترین و گرنگترین بانی ناوچەی شاخاوییە.

بانی (بەرزنجە)ش لە ڕۆژهەڵات دەگاتە چیای هەورامان و لە باشوور تا دەشتی شارەزوور درێژ دەبێتەوە.

٢- ناوچەی زورگ (نیمچە شاخاوی):

سنوری ناوچەکە لە باکوردا سنوری باشوری ناوچەی شاخاویەو بەڵام باشوری دەگاتە چیاکانی شەنگال، شێخ ئیبراهیم، مەکحول و زنجیرە چیای حەمرین. ڕووی ناوچەی بان و گردەکان بریتیە لە زنجیرە چیای نزم و لێرەو لەوێ وێکچوو، وە کۆمەڵێك بان و دەشتی فراوان کە لەنێوان زنجیرە چیاکان و بانەکان درێژبوەتەوە.

بە هۆی جیاوازی زۆری سروشتی بەرزونزمی ناوچەکە دەتوانرێت ڕوەکەی دابەش بکرێتە سێ بەش:

أ- زنجیرە چیا و گردەکان:

لە شێوەی چەند کۆمەڵەیەکدا دەردەکەون کە بە ئاراستەی باکوری ڕۆژئاوا بەرەو باشوری ڕۆژهەڵات درێژ دەبنەوە زۆربەی زنجیرەکان بەرزاییان لە ١٠٠٠ مەتر تێپەڕ ناکات سەخت نین و ڕووتەن و بێ ڕووەکن و لێژی کەمەو زیاتر بەگرد دەچن نەك چیا.

لە زنجیرەکانی ئەم ناوچەیە حەمرین ، مەکحول ، کانی دوملان و قەرەچوغ.

ب- دەشتەكان:

دەشـتـەكانی ئـەم ناوچـەیە لـە ڕاسـتی دا بـریتین لـە پێچـی لاربـۆوە، هۆكارەكـانی دا ڕووتـان و دامـاڵین پـڕی كـردوون لـە چـینێكی ئەسـتوور لـە نیشـتەنی لم هەندێكیشـیان لـە دەشـتە هـەرە باشـەكانی كشـتوكاڵ ئـەژمار دەكرێن لەوانە: دەشتی هەولێر، دەشتی شەنگال و دەشتی حەمرین.

جـ- بانەكان:

ئەم ناوچەیە ڕووبەرێكی فراوان لەبان و گردەكانی تێدایـە وەك ئاماژەمـان پێ كرد پێچەكانی زیاتر بەگرد دەچن و لێـك دوورن و ڕك و سـەخت نـین. لـە گرنگترین بانەكانی ئەم ناوچەیە بانی كەركوك و بانی موسلە.

نەخشەی رووی زەوی هەرێمی کوردستان

ئاوو هەوای هەرێمی کوردستانی عێراق



ئاوو هەوای هەرێم لەژێر کاریگەری ئەمانەی خوارەوە دایە:

١- شوێن بەگوێرەی بازنەکانی پانی:

هەرێم کەوتۆتە نێوان بازنەکانی پانی (٣٣° - ٣٧°) پلە باکوور، ئەم هەڵکەوتەیە تا ڕادەیەکی زۆر بەرپرسە لە:

أ- گەورەیی جیاوازی بەرزترین پلەی گەرماو نزمترین پلەی گەرمای ساڵانە.

ب- دەرکەوتنی چوار وەرزەی ساڵ بە تایبەتی لە ناوچە شاخاویەکاندا.

جـ- دەرکەوتنی دیاردەی بارانی وەرزی (باران بارین لە نیوەی زستانی ساڵ و هاوینی وشك).

٢- شوێن بە گوێرەی دەریاو زەریاکان:

هەرێمی کوردستانی عیراق شوێنێکی کیشوەری دوورە ئاوی هەیە، بۆتە باڵادەستی کەش و هەوای ووشکانی لە هەرێمدا، کە تێکڕا بە (گەورەیی ماوەی گەرمی ساڵانەو ڕۆژانە و کەم بارین و کەمی ڕادەی شێ ناسراوە. لە نێوان ڕووبەرە ئاوییەکاندا دەریای ناوەڕاست کاریگەری لەسەر کەش و هەوای هەرێم هەیە.

٣- شوێن بەگوێرەی بەرزو نزمی ڕووی زەوی:

دابەشبوونی ڕووی سەر زەوی هەرێمی کوردستان بۆ چەند یەکەیەکی بەرزونزمی (ناوچەی شاخاوی و نیمچە شاخاوی)و ئاراستەی درێژبوونەوەی زنجیرە چیا سەرەکیەکانی لە باکووری ڕۆژئاواوە بەرەو باشووری ڕۆژهەڵات، بە شێوەیەکی ئاشکرا کاریان کردۆتە سەر کەشوهەواکەیەوەو، بۆتە هۆی پەیدابوونی جیاوازی زۆری گەرما لە ناوچەیەکەوە بۆ ناوچەیەکی تر بە تایبەتی لە وەرزی زستاندا، هەروەها جیاوازییەکی زۆری لە بڕی باران بارین پەیدا کردوە جگە لە جیاوازی جۆری دا بارین (بەفر یان باران).

٤- نەوراییەکانی کەشوهەوا (نزمە زەپۆشەکان):

ئەو نزمە زەپۆشانەی کە بە هەرێمدا گوزەر دەکەن لە رووی ژمارەو جۆرەوە کارێکی گەورە دەکەنە سەر کەشوهەوای هەرێم، بڕی باران بارین و وەرزی داباربن، درێژی ماوەی داباربن، ئاراستەی بایە باوەکان تا رادەیەکی زۆر پشت بەم نەوراییانە دەبەستن، هەروەها دیاردەی زۆری و کەمی بڕی باران بارینی ساڵانە و مانگانە دەگەڕێتەوە بۆ بوونی جیاوازییەکی زۆر گەورە لە ژمارەو جۆری نزمە زەپۆشەکانی کەش و هەوا، کە بە هەرێمدا گوزەر دەکەن.

٥- تۆپەڵە هەواییەکان:

هەرێمی کوردستانی عێراق تووشی تۆپەڵە هەوای جیاواز دەبێت لە نێوان وەرزە جیاوازەکانیدا، کە هەیانە ساردو ووشك و کەم شێیە، هەشیانە گەرم و شێدارە...

بارودۆخی ئاوو هەوا لە هەرێمی کوردستانی عێراق:

گومانی تێدانییە کە با، گەرمی و داباربن بە گرنگترین رەگەزەکانی ئاوو هەوا دەژمێردرێن، ئەم رەگەزانە نەختێك بە درێژی باس دەکەین.

١- با (الرياح):

لە هەرێمی کوردستاندا ئاراستەی بایە باوەکان و دووبارە بونەوەیان لە وەرزێکەوە بۆ وەرزێکی تر جیاوازن بایە باوەکانی وەرزی زستان و بەهار بریتین لە: بای باکووری رۆژهەلات، بای باشووری رۆژهەلات و بای باشوور. وە بایە باوەکانی وەرزی هاوین و پایز بریتین لە: بای رۆژئاوا، بای باکووری رۆژئاواو بای باکوور.

تایبەتمەندیەکانی ئەو **بایانەی** کە بە سەر هەرێمدا هەڵدەکەن جیاوازن بە گوێرەی جیاوازی ئاراستەو ئەو سەرچاوانەی کە لێیانەوە دێن، بای باکووری ڕۆژهەڵات سارد و وشکە. ئەو **بایەی** لە ڕۆژئاواوە لە وەرزی هاوین هەڵدەکا، بایەکی وشکە و گەرمەو هەندێ جار تۆزی لەگەڵدایە.

لە هەندێ ناوچە شاخاوییەکانی هەرێمدا بای خۆجێی هەڵدەکا وەك شنەی چیاو دۆڵەکان و ڕەشەبا کە بەسەر حەوزی سلێمانیدا هەڵدەکا.

٢- گەرما:

تێکڕای گەرمای هەرێم لە ناوچەیەکەوە بۆ ناوچەیەکی تر وە لە وەرزێکەوە بۆ وەرزێکی تری ساڵ جیاوازی هەیە، چونکە تێکڕای پلەی گەرمی دەشتەکان جیاوازە لەگەل چیاکان و پلەی گەرمی وەرزی زستان جیاوازە لە پلەی گەرمی وەرزی هاوین.

لە خوارەوە لە بارەی گەرمی هەریەك لە وەرزەکانی زستان و هاوینی هەرێم دەکۆڵینەوە.

باری گەرمی لە وەرزی زستاندا:

تێکڕای گەرمی مانگی کانوونی دووەم کە ساردترین مانگی ساڵە لە هەرێمدا لە نێوان (١ – ٣) پلەی سەدی دایە لە وێستگەی سەلاحەدین و (٩,٩) پلەی سەدی لە خانەقین، بە گشتی چەند بەرەو باکوور و باکووری ڕۆژهەڵاتی هەرێم بڕۆین پلەی گەرمی دادەبەزێ لەبەر دوو هۆ:

یەکەم: چەند بەرەو باکوور و باکووری ڕۆژهەڵات بچین زەوییەکە بەرزو بڵند دەبێ.

دووەم: لایەکانی باکووری هەرێم دەکەونە ئەو ناوچانەی کە لەکەمەرەی زەوییەوە دوورترن، دەبێتە هۆی کورتی ڕۆژ لە نیوەی زستانی ساڵدا و کەمبوونەوەی گۆشەی تیشکی هەتاو کەوتن.

باری پلەکانی گەرمی لە وەرزی زستان

باری گەرمی لە وەرزی هاوین :

کەمی لاربوونەوەی گۆشەی کەوتنی تشکی هەتاو، هەروەها ڕۆژ درێژی و ساماڵی ئاسمان و تۆپەڵەیەکێ هەوایی کیشوەری وشك کە لەم وەرزەدا هەرێم دەگرێتەوە، یاریدەدەری بەرزبوونەوەی پلەکانی گەرما دەدەن، تێکڕای گەرمای مانگی تەمموز کە گەرمترین مانگی ساڵە لە هەرێمدا لە زۆربەی ناوچەکاندا لە (٣٠°) پلەی سەدی پترە.

ئاو و هەوای هەرێم لە ڕووی گەرماوە تایبەتمەندیەکی تری هەیە کە ئەویش تایبەتمەندی ئاوو هەوای کیشوەریە کە بە هەبوونی مەودای گەرمی زۆری ساڵانە خۆی دەنوێنێ لە (٢٥) پلەی سەدی زیاترە لە هەموو وێستگەکانی هەرێم سەیری خشتەی ژمارە (١) بکە.

باری پلەی گەرمی لە وەرزی هاوین

خشتەی ژمارە (١)

تێکڕای پلەی گەرمای مانگانەو ساڵانە لە چەند وێستگەیەکی هەرێمدا و پلەی سەدی

مانگ/ وێستگە	شەنگال	سەلاحەدین	سلیمانی	کەرکوک	خانەقین
کانونی دووەم	٦,٢	٣,١	٣,٢	٨,٤	٩,٩
شوبات	٨,١	٤,٩	٥,٣	١٠,٢	١١,٥
ئازار	١٢,٢	٩,١	١٠,٢	١٣,٧	١٥,٥
نیسان	١٦,٩	١٤,١	١٥,٣	١٩,٢	٢٠,٥
مایس	٢٣,٩	٢٠,٢	٢١,٣	٢٦,٣	٢٧,٥
حوزەیران	٣٠,٤	٢٦,٢	٢٨,٦	٣٢,٢	٣٢,١
تەمووز	٣٣,٨	٣٠	٣٢	٣٥,٢	٣٥
ئاب	٣٣,٧	٣٠,٢	٣١,٩	٣٤,٧	٣٤,٨
ئەیلول	٢٩,٣	٢٦,١	٢٧,٥	٣٠,٤	٣٠,٤
تشرینی یەکەم	٢٢,٦	١٩,٤	٢١,١	٢٤	٢٤
تشرینی دووەم	١٤,٩	١١,٥	١٢,٨	١٦,٦	١٦,٣
کانونی یەکەم	٨,٢	٥,٥	٦,١	١٠,٦	١٠,٨
تێکڕای ساڵانە	٢٠	١٦,٧	١٧,٩	٢١,٨	٢٢,٤

هەروەها پێویستە ئاماژە بە هەبوونی دوو وەرزی میانە لە هەرێمدا بکەین کە بەهار و پایزن، گەرما لەو دوو کەژەدا مامناوەندیەو بۆ ژیان زۆر لەبارو گونجاو دەبێ.

٣- داباران:

بڕی داباران و جۆری ئەو دابارینە لە هەرێمی کوردستانی عیراقدا بە گوێرەی هۆکارە کاریگەرەکانی سەر ئاوو هەوا دەگۆڕێ ئەو نەوراییانەی کە لە دەریای ناوەڕاست دێن هۆکاری سەرەکی دابارینن لە هەرێمدا، کە هەموو جۆرە شێوەکانی داباران (باران ، بەفر ، تەزرە(**تەرزە**) دەبارێت.

بەفر بارین بە پلەی یەکەم تایبەتە بە ناوچەی شاخاوی لە هەرێمدا لە مانگەکانی زستانی ڕاستەقینەدا (کانونی یەکەم و دووەم و شوبات) دەبارێت. بەگشتی لوتکەی چیاو بڵندو بنارەکانی باکوور، لە هەموو ناوچەکانی تری هەرێم بەبەفری ترن. سەبارەت بەباران بارین جیاوازییەکی زۆری لەبڕی بارانی باری و لە هەرێمدا هەیە بۆ نمونە ناوەندی بارانی ساڵانە لە هەرێمدا لە نێوان ٣٢٨ملم دایە لە خانەقین وەزیاترە لە ٧٠٢ملم لە زاخۆ.

بە گشتی بارانی هەرێم تا بەرەو باکوور و باکووری ڕۆژهەڵات بڕۆین پتر دەبێ، ئەمەش لەبەر هۆکاری بەرزی و نزمی لەلایەك و گوزەرکردنی ژمارەیەکی زۆرتر لەنەوراییەکانی کەشوهەواو قولتر بوونیان تا بەرەو باکوور بڕۆین.

پرسیار: هۆکاری سەرەکی داباران لە هەرێمدا چییە؟

هەرێمەکانی ئاوو هەوا

ئاووهەوای هەرێم لەرووی گەرمی و دابارینەوە بۆ دوو هەرێم پۆلین دەکرێت:

١- هەرێمی ئاووهەوای دەریای ناوەڕاست:

ئەم هەرێمە بەشەکانی باکوور و باکووری ڕۆژهەڵات واتە ناوچەی شاخاوی دەگرێتەوە، لە ڕووی گەرمییەوە بەزستانی زۆر ساردو هاوینی فێنك ناسراوە، لە ڕووی دابارینەوە، ئەم هەرێمە تاکە هەرێمە بەفرێکی ئەستووری لێدەکەوێ، تێکڕای بارانی ساڵانەی لە ٥٠٠ ملم کەمتر نییە، کشتوکاڵی زستانە لەم هەرێمەدا بەتەواوی پشت بەباران دەبەستێت(دێمی)، بۆیە بەهەرێمی بارانی مسۆگەر ناسراوە.

٢- هەرێمی ئاووهەوای نیمچە وشك (گەرمەسێر):

بەشەکەی دیکەی هەرێم واتە ناوچەی زورگ دەگرێتەوە کە بە هەرێمی کورتە گیا ناسراوە لە هاویندا پلەکانی گەرمی بەرزەو زستانەکەی کەمتر ساردە، تێکڕای بارانی ساڵانەی لە ٥٠٠ ملم کەمترە، کشتوکاڵی زستانە لەم هەرێمەدا ڕەنگە ڕووبەڕووی هەڕەشەی ووشکی ببێتەوە، بۆیە ناسراوە بە هەرێمی بارانی نا مسۆگەر.

پرسیار: بۆچی هەرێمی ئاووهەوای دەریای ناوەڕاست بەم ناوە ناسراوە؟

ڕووەکی سروشتی

ڕووەکی سروشتی (سروشتی) هەروەك لە ناوەکەدا دیارە ئەو ڕووەکانە دەگرێتەوە کە لە خۆوە دەڕوێن. ڕووەکی سروشتی بەگشتی لە کارلێکی نێوان ئاوو هەواو بەرزی و نزمی ڕووی زەوی و خاکدا بەرهەم دێت.

بەو پێیەی جیاوازییەکی ئاشکرا لەو ئاووهەوای ڕووی زەوی هەرێمدا هەیە، جیاوازییەکی هاوتاش لەڕووەکی سروشتدا بەدی دەکرێت، ئەم جیاوازییەش لەنێوان دارستانی چیاکان و کورتەگیای دەشتەکان بەڕوونی دیارە.

هەرێمی کوردستان دابەش دەبێتە سەر دوو پشتێنەی سەرەکی ڕووەك ئەوانیش پشتێنەی دارستانەکان و کورتەگیا(سهوب)، هەروەها ڕووەکی سروشتی دیکەش هەن کە لە وەرزی باران باریندا گەشە دەکەن.

یەکەم: ناوچەی دارستان و گژوگیا شاخاویەکان:

زۆربەی دارستانە سروشتییەکان دەکەونە باکوری ڕۆژهەلاتی هەرێمەوە، درێژبوونەوەی دارستانە سروشتکردەکان شێوەیەکی کەوانەیی وەردەگرێت کە لە باکوری ڕۆژئاواوە بە ئاراستەی باشوری ڕۆژهەلات درێژ دەبێتەوە ئەمەش هەمان ئاراستەو جێکەوتە کە هێلەکانی باران لەناوچەکەدا دەیگرنەبەر.

دیمەنێك لە دارستانەكان

هەروەها زۆربەی ئەو دارستانانەی لە بەرزایی ٦٠٠ – ٢٠٠٠م ڕوواوەن واتــە دەكەونــە ناوچــەی ئــاوو هــەوای دەریــای ناوەڕاســتەوە كــە زسـتانی ســاردو هاوینان فێنك و مامناوەندییە، ڕادەی دابارینی ساڵانە لەو ناوچــەدا لــە نێـوان ٥٠٠ – ١٢٠٠ملم دایە، جیاوازی بڕی دابارین لەناوچەیەكەوە بۆ ناوچەیەكی تــر بۆتە هۆی جیاوازی چڕی دارستانەكان.

ئەو ڕووبەرەی كە دارستانی سروشتی دایدەپۆشێت بەنزیكەی (٦) ملیـۆن دۆنم مەزنــدە دەكرێــت، و بەشــێوەیەكی جیــاواز لــە دەڤــەرەكانی هەرێمـدا بڵاوبوونەتەوە وەك خشتەی ژمارە (٢).

خشتەی ژمارە (٢)

ڕووبەری دارستانە سروشت کردەکان بە گوێرەی پارێزگاکانی هەرێم/دۆنم.

پارێزگا	ڕووبەری دارستانەکان بە دۆنم	ڕێژەی سەدی لە ڕووبەری گشتی دارستانەکان
دهۆك	٢٠٥٧٦٠٠	٪٢٨,٩٤
هەولێر	٢٣١٢٠٠٠	٪٣٢,٥٢
سلێمانی	٢١٩٥٢٠٠	٪٣٠,٨٥
نەینەوا	٥١٤٤٠٠	٪٧,٧٤
دیالە	١٩٦٠٠	٪٠,٢٨
سەلاحەدین	١١٦٠٠	٪٠,١٧
کۆی گشتی	٧١١٠٤٠٠	٪١٠٠

وا دەردەکەوێت کە پارێزگای هەولێر لە پێش پارێزگاکانی هەرێمەوە دێت. بە گوێرەی چری دارەکان.

سێ کۆمەڵەی سەرەکی دارستانی سروشتی لە هەرێمی کوردستاندا هەیە:

١- دارستانە کراوەکان:

ئەو دارستانە پەرت و بڵاوبونەوانە دەگرێتەو کە چڕیەکی دیاری کراویان نیە بەڵکو لەکۆمەڵە درەخت و دەوەنی تاك و تەواو لێرەو لەوێ پێکهاتوون و مەودای فراوانیان لە نێوان دایە. ڕووبەرەکەی نزیکەی لە ٤٨٪ی ڕووبەری سەرجەم دارستانە سروشتییەکان پێکدێنێت، دەتوانین لەم جۆرە دارستانەمان لە چیای شەنگال، گوێژەو سەفین بەرچاو دەکەوێت.

٢- دارستانە چڕە مامناوەندییەکان:

چڕیان مام ناوەندییە و بەهۆی بڕینی هەرەمەکی بۆشایی و ناوچەی بێ درەختیان تێدا پەیدابووە. ڕووبەرەکەیان بەنزیکەی ١٦٪ی ڕووبەری سەرجەم دارستانەکانە، لە ناوچەی سوارەتووکەو قەرەداغ و ئەتروش و چۆمان.

٣- دارستانە چڕەکان:

چڕییەکەیان زۆرە، جۆری درەختەکانیان چاکەو دەتوانرێ لە بەرهەمهێنانی کەرەستەی دارین لە تەختەو..... هتد بەکاربهێنرێت، ڕووبەرەکەیان بەڕێژەی ٣٦٪ی کۆی ڕووبەری دارستانەکان پێکدێنێت.

دووەم: ناوچەی کورتەگیا (السهوب):

بەزۆریی ڕووەکەکانی لە ناوچەی زورگ دا هەیە و بەچاکترین لەوەرگای هەرێم دادەنرێت، چەندایەتی و دابەشکردن و تایبەتمەندی گژوگیایەکەشی بەپێی ئەو جێگەیەی لێی دەڕوێت جیاوازن، لە سنوری خوارووی ئەم ناوچەیەدا گیاو ڕووەکی بیابانی زیاتر پێوە دیارە، بەڵام لە ناوچە شاخاویەکانی باکور، گژوگیاو دارو درەختەکانی لە گژوگیاو درەختی ناوچە شاخاویەکان دەچێت، ئەم جیاوازییەش چۆنێەتی ئاووهەواو بەرزی و نزمی ڕووی زەوی دەردەخەن، ئەوەتا باران لە باشوری ناوچەکە ٢٠٠ ملمە، بەرز دەبێتەوە بۆ ٤٠٠ ملم لە سنوری باکوری ناوچەکە. لە ڕووەکە بەناوبانگەکانی ئەم ناوچەیە گژوگیا جۆراوجۆرەکان وەك کەنگر و تۆڵکە...هتد.

پرسیار: دارستانی سروشتی هەرێم لەسەر چ بنەمایەك دەبێتە سێ کۆمەڵەوە؟

بەندی چوارەم

دەرامەتی ئاو

هەرێمی کوردستان دوو شێوە دەرامەتی ئاوی هەیە ئاوی ژێر زەوی و ئاوی سەر زەوی، ئەم دوو سەرچاوەی دەرامەتی ئاو پشت بە بڕی باران و بەفری تواوە دەبەستێت کە کار دەکاتە سەر سروشتی ئاوەڕۆی هەردوو شێوەکە:

نەخشەی دەرامەتی ئاو لەهەرێمی کوردستان عێراق

١- ئاوی ژێر زەوی:

ئاوی ژێر زەوی بەسەرچاوەیەکی گرنگی دەرامەتە ئاوییەکانی هەرێمی کوردستان دادەنرێت، بەهۆی بەکارهێنانی لە بوارە جیاوازەکانی ژیاندا، سەرەرای ئەوەی کە هۆکارێکی سروشتییە بۆ پێکهێنانی ئاوی سەر زەوی، چونکە بە سەرچاوە گرنگەکانی ئاوی رووبارو دەریاچەکان دەژمێردرێ. ئەم دەرامەتە رۆڵی خۆی لە دابینکردنی پێداویستیەکانی دانیشتوان و پێداویستی ئاژەڵ و کشتوکاڵی هاوینەی هەرێم دەبینێت، هەروەها تارادەیەکی زۆریش لەچەندین شوێنی هەرێم نیشتەجێبوونی مرۆیی دیاری دەکات. درێژبوونەوەی زنجیرە شاخەکان بەئاراستەی باکوری رۆژئاوا ــ باشوری رۆژهەڵات کە لە نێوانیاندا چەند دۆڵ و دەشتاییەك هەیە. ئەو ناوچانەی کردۆتە کۆگایەکی گەورەیی ئاوی ژێر زەوی، سەرەرای ئەوەی باوبوونی پێکهاتووی کلسی ئاو هەڵگرو خاوەن کونیلە داری بەرز یارمەتی فرەی ئاوی ژێر زەوی لە هەرێم داوە، لەحەوزە گرنگەکانی ئاوی ژێر زەوی لەهەرێم وەك حەوزی هەولێر، ئاکرێ، شارەزوور، رانیە، قەڵادزێ.

ئاوی ژێر زەوی هەرێم دابەش دەبێ بۆ:

١- بیرو کارێز:

بیر بەیەکێ لە رێگە کۆنەکانی دەرهێنانی ئاوی ژێر زەوی دادەنرێ لە هەرێم، لە پێناوی دابینکردنی پێداویستییە هەمە جۆرەکانی دانیشتواندا لێدەدرێ. سەبارەت بەکارێزیش، رێگەیەکی زۆر کۆنە کە دانیشتووانی هەرێم بۆ دەرهێنانی ئاوی ژێر زەوی بەکاریان هێناوە، بریتیە لە کۆمەڵە بیرێك کە بەهۆی هەندێ جۆگەوە بەستراونەتەوەو ئاستی هەریەکەیان لەوەی پێش خۆی نزمترەو ماوەی کەمتر لە ٢٠ مەتریان لە نێوانیاندایە.

٢- سەروچاوەو کانیاوەکان:

بەرزی و نزمیەکانی سەر ڕووی زەوی و تایبەتمەندە جیۆلۆجیەکان ڕۆلی خۆیان لە زۆری سەروچاوەو کانیاوەکان لە هەرێمدا گێڕاوە، کونیلە داری کەڤەرە سەقامگیرەکان بەسەر چینە کەڤەرینە ئاو هەڵگرەکانەوەو زۆری درزو قلێش شکاوەکان هەموویان هۆکاری یاریدەدەرن بۆ بڵاوبوونەوەی سەروچاوەکان، ئەمە سەرەڕای نزیکی ئاستی ئاوی ژێر زەوی لەگەڵ ڕووی زەویدا. ئەم سەروچاوەو کانیانە ڕۆلێکی چالاکیان لەدابەش بوونی ئاوەدانییەکانی هەرێمدا گێڕاوە.

لە هەرێمدا چەندین سەروچاوەی ئاوی کانزایی هەیە کە بەهۆی ناوەڕۆکە کیمیاوییەکەیەوە بۆ چارەسەرکردنی پێست بەکاردێت. وەك کانیاوی بانی خێلان، بازیان، شێخی باڵەکان و شێرەسوار.

ئاوی ژێر زەوی بەشێوەیەکی گشتی لە هەرێمدا بەسەر دوو ناوچەدا دابەش بووە:

> **یەکەمیان:** ناوچەی شاخە بەرزەکان کە بەفرەیی ئاوی ژێر زەوی و سازگاری و کەمی ناوەڕۆکە کانزاییە تواوەکانی و کەمی پیس بوونی جیادەکرێتەوە.
>
> **دووەم:** ناوچەی پێچ ساکارەکانە کەبڕ شت و سازگاری ئاوەکەی لە ناوچەی یەکەم کەمترە.

٢- ئاوی سەر زەوی:

دەرامەتی ئاوی سەر زەوی هەرێمی کوردستان خۆی لە ڕووبارو دەریاچەکاندا دەبینێتەوە، هەرێمی کوردستان لەو بارەیەوە دەوڵەمەندە چونکە ڕووباری دیجلەو هەرپێنج لقەکەی بەزەوییەکانیدا تێدەپەڕن.

ئەو لقانەی دەڕژێنە ڕووباری دیجلەوە ئاوەڕۆکانیان دەکەوێتە سنووری هەرێم و پارچەکانی تری کوردستان ٦٦٪ی داهاتی ئاوی ساڵانەی ڕووباری دیجلە دابین دەکەن.

ڕووباری دیجلە:

ڕووباری دیجلە لەداوێنەکانی خوارووی زنجیرە چیای ڕۆژهەڵاتی تووروس لە باکوری کوردستان هەڵدەقوڵێت، دوای ئەوەی لە باکوری گوندی پیشخابوور دێتە ناو خاکی هەرێمی کوردستانەوە بەنێو دۆڵێکی فراوانی پێچاوپێچدا دەڕوا پاشان بانی موسل دەبڕێت و لەوێدا بەنداوی موسڵی لەسەر هەڵچێنراوە، پاشان بەرزاییەکانی حەمرین لە تەنگەبەری فەتحە دەبڕێ و بە ئاراستەی باشوری ڕۆژهەڵات درێژ دەبێتەوە درێژیەکەی لە پیشخابوورەوە تا فەتحە ٤١٠ کم دەبێت، پێنج لقی سەرەکی تێدەڕژێ کە دەکەونە بەری ڕۆژهەڵاتی ڕووبارەکە بەدوای یەکدا ئەمانەن: خابوور ، زێی گەورە ، زێی بچووك ، ڕۆخانە (عوزێم) ، سیروان (دیالە).

١- خابوور:

یەکەم لقە بە ڕووباری دیجلە بگات، لەبەیەك گەیشتنی هەردوو لقەکەی مەهرما و هێزل دروست دەبێ و بە باکوری گوندی جالیکەوە دێتە ناو زەوییەکانی هەرێم. دوای ئەوەی ڕێڕەوەکەی بەرەو باکورو باکوری ڕۆژئاوا دەگۆڕێت بەزاخۆدا تێدەپەڕێت. درێژی ئەم لقە دەگاتە ١٦٠کم تێکڕای داهاتی ساڵانەی دەگاتە ١,٩٦ملیار/م^3، بەرێژەی ٢,٢٪ کۆی گشتی ئەو ئاوەی دەڕژێتە ڕووباری دیجلە وئاوەکەی پێکدێنێت.

٢- زێی گەورە:

ئەم زێیە بەگرنگترین لقی ڕووباری دیجلە دەژمێردرێ لە چیاکانی هەکاری لە ناوەڕاستی نێوان دەریاچەی وان و دەریاچەی ورمێ هەڵدەقوڵێ، لە نزیك گوندی چاڵ لە باکوری قەزای ئامێدی بە ناوچەی بارزاندا تێدەپەڕێ بەرەو باشوری ڕۆژهەڵات لادەدات لە دوایی ڕووباری شین و شەمزینانی دەرژێتەسەر، ئینجا تێرژاندنی لقی ڕەواندوز، ڕووبارەکە ڕێرەوی خۆی بەئاراستەی باشوری ڕۆژئاوا دەگۆڕێت و لە نزیك شوێنەوارەکانی نەمرود دەرژێتە دیجلەوە. درێژی زێی گەورە ٣٩٢کم. داهاتی ئاوی ساڵانەی دەگاتە ١٣,٢٩ملیار /م٣ ئەم ڕووبارە بە ڕێژەی ٣٣٪ بەشداری لەکۆی ساڵانەی ئاوی دیجلە دەکات.

٣- زێی بچوك:

چیاکانی قەندیل و لاجان بەسەروچاوە سەرەکیەکانی ئەم زێیەو لقەکانی دادەنرێت، لە چەند لقی بچوك پێك هاتووە لە نزیك گوندی ماشان دێتە ناو خاکی هەرێمی کوردستانەوە، بەشێوەیەکی سەرەکی لەیەکگرتنەوەی چەمی تیت و چەمی ماوەت (قەلاچۆلان) پێك دێت. زێی بچوك دەشتەکانی پشدەرو قەڵادزێ دەبڕێت و بەدەربەندی دوکان تێدەپەڕێت، لەوێدا بەنداوی دوکانی لەسەر دروستکراوە، ڕێرەوەی ڕووبارەکە بەرەو باشوری ڕۆژئاوا درێژدەبێتەوە بە(پردێ)دا تێدەپەڕێ تا لە دووری ٣٠کم لە باشوری شەرقاتەوە دەرژێتە ڕووباری دیجلەوە.

درێژی زێی بچوك ٤٠٠کم، داهاتی ئاوی ساڵانەی ٦,٩٩ملیار/م^{٣} بەڕێژەی ١٧٪ بەشداری لەکۆی ئاوی ساڵانەی ڕووباری دیجلە دەکات.

٤- ڕۆخانە (عوزێم):

چیاکانی قەرەداغ و شوان بەسەروچاوەی سەرەکی ئاوی لقەکانی ئەم ڕووبارە وەرزییە دادەنرێت.

ئەم ڕووبارە لەسێ لقی وەرزی پێك دێ، ئەوانیش: (خاسەسو) کە شاری کەرکوکی دەکەوێتە سەر، و(تاوغ سو)کە شاری(داقوق) ی لەسەرە، و (ئاق سو) کە شاری (دوز)ی لەسەرە، دواتر عوزێم لە باشوری بەلەدەوە دەڕژێتە ڕووباری دیجلەوە.

درێژی ئەم زێیە ٢٣٠کم،تێکڕای داهاتی ئاوی ساڵانە دەگاتە ٠,٧ملیار/م^{٣}، بەڕێژەی ٢٪ بەشداری لەپێك هێنانی سەرجەم ئاوی دیجلە دەکات.

٥- سیروان (دیالە):

چیاکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و چیاکانی پارێزگای سلێمانی بە سەرچاوەیەکی سەرەکی ئاو پێدانی ڕووبارەکە دادەنرێت لە نزیك گوندی لاوەرانەوە دێتە نێو خاکی هەرێمی کوردستانەوە لەبەیەك گەیشتنی سێ لقی سەرەکی پێکدێت: ڕووباری سیروان و ڕووباری تانجەڕۆ و ڕووباری زەڵم، پاش ئەوەی لەچیاکانی هەورامان و زنجیرەی بەرانان دا دەڕوات لە دەربەندیخان بەنداوی دەربەندیخان لەسەر ڕووبارەکە دروستکراوە. لە نزیك بەرزاییەکانی مەنسوریە بەنداوی حەمرین لەسەر هەڵبەستراوە، ڕووبارەکە لە باشوری بەغدا دەڕژێتە ڕووباری دیجلەوە.

درێژییەکەی دەگاتە ٣٨٤کم، تێکڕای داهاتی ئاوی ساڵانەی ٥,٣ملیار/م^{٣}، ئەم ڕووبارە بە ڕێژەی نزیکەی ١٤٪ی کۆی ئاوی ساڵانەی ڕووباری دیجلە دابین دەکا.

بەست و بەنداوەکان:

لە هەرێم کۆمەڵێك پرۆژەی دەست بەسەرداگرتن و ئاوگلدانەوە هەیە، کە لەڕابوردوو لەماوەی جیاوازدا بەسەر ڕووباری دیجلە و لقە ڕووبارەکانیەوە بەمەبەستی ئاودێری و بەرهەمهێنانی وزەی کارۆئاوی و دوورخستنەوەی مەترسییەکانی لافاو و گەشتوگوزاری دروستکراون، دەتوانین لەمانەی خوارەوەدا کۆیان بکەینەوە:

١- بەست و بەنداوی موسڵ:

لە باکوری شاری موسڵ لە ناوچەی ئاسکی موسڵ لەسەر ڕووباری دیجلە هەڵبەستراوە، لە شەش دەرگا پێکهاتووە، توانای ئاوگری بەستەکە دەگاتە ١٢,٢ملیار /م^{٣} ئاو، بۆ مەبەستی ئاودێری و بەرهەمهێنانی وزەی کارۆئاوی و پاراستنی شاری موسڵ و ناوچەکانی دەوروبەری لە مەترسیەکانی لافاو بەکاردێت، جگە بایەخی گەشت و گوزاریی و ڕاوە ماسی.

پرسیار:

بۆچی پرۆژەکانی (ئاودێری) لە هەرێمدا کەمن؟

٢- بەست و بەنداوی دوکان:

لە نزیك تەنگەبەری دوکان لەسەر زێی بچوك هەڵبەستراوە، لە جۆری کۆنکریتی کەوانەییە کۆی ئاوگرییەکەی دەگاتە ٦,٨ملیار / م٣. و لە پێنج دەرگا پێکهاتووە، وێستگەی بەرهەمهێنانی وزەی کارەبا بۆ بەرهەمهێنانی (٤٠٠ **مێگاوات/ کاتژمێر**) کارەبا لەسەر ئەم بەستە دامەزراوە. ئاوی بەنداوەکە بۆ ئاودانی رووبەرێکی بەرفراوانی پارێزگای سلێمانی و کەرکوك بەکاردێت، لەگەڵ وێستگەی کارەبای دەربەندیخان سەرچاوەیەکی گرنگی وزەی کارەبان بۆ پارێزگاکانی هەرێم. ئەمە سەرەڕای بایەخە گەشتوگوزارو بایەخەکانی دیکە.

بەنداوی دوکان

٣- بەست و بەنداوی دەربەندیخان:

ئـەم بەسـتە لەتەنگەبـەری دەربەنـدیخان لەسـەر ڕووبـاری سـیروان دروستکراوە، لەبەستە بەردینەکانـە، لـە سـێ دەرگا پێکهاتووە، وێستگەی کارەباکەی توانای بەرهەمهێنانی (**٢٤٠ مێگـاوات/ کاتـژمێر**) کارەبـایی هەیـە. بەنداوەکە زیاتر لە٣ملیار /م^{٣} ئاو دەگرێت.

زەوی بـەرفراوانی پارێزگاکـانی دیالـەو سـلێمانی بـە ئـاوی بەنداوەکـە ئـاو دەدرێن و ئاوەکە بۆ چەندین مەبەستی دیکە بەکاردەهێنرێت.

بەنداوی دەربەندیخان

٤- بەست و بەنداوی حەمرین:

ئەم بەستە لـە خـوارووی بەسـتی دەربەنـدیخان لەسـەر ڕووبـاری سـیروان دروسـتکراوە، لەبەسـتە بەردینەکانـەو شـەش دەرگـای هەیـە، نزیکـەی ٣,٢ ملیار/م[٣] ئاو دەگرێت.

٥- بەست و بەنداوی دوبز (دبس):

ئەم بەستە لەسەر زێی بچووك لە قەزای دوبز سەر بـە پارێزگـای کـەرکوك دروستکراوە، بەنداوەکە زیاتر لە (١٠٠) ملیۆن /م٣ ئاو دەگرێـت، بـۆ ئـاودانی زەوییـە کشـتوکاڵیەکان و بەرهـەمهێنانی وزەی کارۆئـاوی سـوودی لـێ وەردەگیرێت.

نەخشەی بەست و بەنداوەکان لە هەرێمی کوردستان

بەندی پێنجەم

سامانە کانزاییەکان

لەسەر بنچینەی بایەخ و بەکارهێنانی کانزاکان لە پیشەسازی و پڕکردنەوەی پێداویستیە جۆراوجۆرەکانی مرۆڤ کانزاکان لە هەرێمدا دابەش دەکرێن بۆ:

نەخشەی دابەشبونی جوگرافی سامانی کانزاکان

أ- كانزا فلزییەکان:

ئەو کانزایانەن کە دەردەهێنرێن و دەتاوێنرێتەوەو فلزی تریان لێ وەدەست دێت، ئەم کانزایانەی خوارەوە دەگرێتەوە.

یەکەم: ئاسن

ئاسن لە چەند شوێنێکی هەرێم بەدەردەکەوێت وەك ئاسناوە لە خواروی ڕۆژهەڵاتی پێنجوین، وەك کەرەستەی خاو بۆ دروستکردنی چیمەنتۆ لەم ناوچەیە بەکاردێت.

هەروەها خاوی ئاسن لە ناوچەی پێنجوین لە مێشاو لە باکوری ڕۆژهەڵاتی پێنجوین بەدەردەکەوێت، تێکڕای ڕێژەی ئاسن لە خاوەکانی هەردوو شوێنەکە دەگاتە ١٨٪.

دووەم: قورقوشم و خارسین(تۆتیا)

نیشتووی خاوی قورقوشم و تۆتیا لەو دوو دەڤەرە سەرەکییە دەردەکەوێت، دەڤەری مەڕەبەستە لە نزیك قەڵادزێ و دۆڵی سەرگوزە لە باکوری ئامێدی. لە سەرجەم خاوەکانی هەردوو ناوچەکە ڕێژەی قورقوشم ١٢٪ و ڕێژەی تۆتیا ٢٠٪ تێپەڕ ناکات.

سێیەم: مس و کرۆم

مسی خاو لەناوچەکانی نزیك چوارتا و لە کەوەرتە لە نێوان ڕایات و گەڵاڵە، و ڕانیە و قەڵادزێ هەیە. ئەو خاوانەی کرۆم کە لە سنوری هەرێمدا بە خاوێکی ئابووری دادەنرێت لە سنوری زنجیرە چیای ماوەت و شلێر لە پێنجوین دۆزراونەتەوە، لە هەندێ شوێنی دیکە خاوی نا ئابووری تێدایە وەك شەقڵاوە و مێرۆ و ئاسناوە.

چوارەم: مەنگەنیزو نیکل

لە هەرێمی کوردستاندا مەنگەنیز لە سیرنا نزیك گوندی پشت ئاسن دۆزراوەوتەوە، هەروەها لە بەکراوە و دۆڵی گەلاڵە و ڕایات و ماوەت هەیە.

نیکل لە ڕانیە و پێنجوین و چوارتا و ڕواندوز تێبینی کراوە.

پێنجەم: زێڕ

بڕێکی کەم لە زێڕ لە دۆڵی شلێر لە باکوری گوندی دێزە، هەروەها لە نزیك میرزا روستم لە نزیك دوکان هەیە.

ب- کانزا نافلزییەکان:

کانزا نافلزیەکان دوو کۆمەڵ کانزا دەگرنەوە بەم شێوەی خوارەوە:

١- ئەو کانزا نافلزیانەی لە پیشەسازی و بیناسازیدا بەکاردێن لەوانە:

یەکەم: گۆگرد

گۆگرد بە شێوەی توخمی پوخت(تەنیا) و بە شێوەی کانزاش لە چەند ناوچەیەك لە هەرێمدا دەرهاتووە وەك سلێمان بەگ لە باکوری ڕۆژئاوای کفری و کارگەی دەرهێنانی گۆگرد لە دووبز و کانیاوە گۆگردیەکان گەرماڤا لە باکوری دهۆك. گۆگرد لە زۆر بواری پیشەسازی وەك دروستکردنی پەین و داوی پیشەسازی و کاغەز سوودی لێوەردەگیرێت.

دووەم: جیپسۆم و ئەنهایدرایت

خاوەکانی جیپسۆم و ئەنهایدرایت لە ناوچەکانی مەخمور، سلێمان بەگ، کۆیە بەدەردەکەوێت. ئەم خاوانە لە پیشەسازی گەچ و چیمەنتۆ و بەکارهێنانی دیکەدا سوودی لێوەردەگیرێت.

سێیەم: بەردی کلس و دۆلۆمایت

هاراوەی بەردی کلس و دۆلۆمایت لە دروستکردنی کۆنکریت و شۆستەی ڕێگاوبان سوودیان لێوەردەگیرێت، هەروەها لە دروستکردنی گەچ و چیمەنتۆدا وەك کەرەستەی سەرەتای بەکاردێن.

بەردی کلس و دۆلۆمایت پانتای فراوان لە هەرێمی کوردستان دادەپۆشن لە گرنگترین ناوچەکانی **بادۆش** لە موسل، کانی **دوملان** لە کەرکوک ، **ئاکرێ** ، **چیای قەرەچوغ**، نیشتووەکانی **سەرچنار** لە سلێمانی.

چوارەم: قوم وچەگڵ (زیخ و چەو):

قوم و چەگڵ (چەو) لە ورد و خاشبوونی بەردەکانەوە پەیدابوون، بۆ چەندین مەبەست بەکاردەهێنرێت، بۆ نموونە دروستکردنی تێکەڵەی کۆنکریت و تواندنەوە و دروستکردنی شوشەی راخراو.

نیشتوی قوم و چەگڵ پانتاییەکی زۆریان لە هەرێمدا گرتووە لەوانە نیشتووەکانی دۆڵی **داقوق** و **خاسە** لە کەرکوک و قوم و چەگلی نیشتوو لە زێی گەورە لە ناوچەی **سفەییە** و **ئاسکی کەلەك**.

پێنجەم: بەردی مەڕمەڕ

لێکۆڵینەوەکان دەریان خستووە مەڕمەڕ بەشێوەیەکی بەرفراوان لە هەرێمدا بڵاوەو جۆرەکەی زۆر باشە. گرنگترین ناوچەی لەخۆگری مەڕمەڕ پێنجوین و چوارتا و قەڵادزی و گەڵاڵە و ڕایات و ڕەواندوز و شەنگالە.

٢- ئەو کانزا نافلزیانەی وەك سووتەمەنی بەکاردەهێنرێن لەوانە:

یەکەم: یۆرانیوم

یۆرانیوم لە ناوچەکانی پێنجوین و قەڵادزێ و کێوەڕەش و گارا هەیە.

دووەم: خەڵوزی بەردین

خەڵوزی بەردین لە هەرێمدا بەگشتی برێکی زۆر خەوش و خلتی تێدایە، کە نرخە ئابوورییەکەی کەم کردۆتەوە، ئەم کانزایە لە ناوچەکانی کفری، **ئینجانە** و **پێنجوین**، هەروەها لە زاخۆ لە **گوندی ئیسلامی** نزیك شەرانش دەردەهێنرێت.

پرسیار:

خەلووزی بەردین لە هەرێم بەهای ئابووری کەمە، بۆ؟

سێیەم: نەوت

کۆنترین ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کە نەوتی لێ دۆزرابێتەوە هەرێمی کوردستانە، گڕی دانەمرکاوەی بابەگورگور هەر لە کۆنەوە وەك سەرچاوەی سووتەمەنی و ڕووناك کردنەوە ناسراوە ئەستێلك و گۆمە نەوتی کوردستان بە بڵاوی پێکهاتەی گومەزییە و ڕوون و ئاشکراکانی جیادەکرێتەوە، بە حەشارگەیەی نموونەیی کۆگاکردنی نەوت دادەنرێت.

کێلگە نەوتییەکانی هەرێم بۆ سێ کۆمەڵە دابەش دەکرێن:

١- **کێلگەکانی باشوور/** کێلگەی نەوتخانە لە خانەقین دەگرێتەوە، بەرهەمهێنانی ئەم کێلگەیە لە ساڵی ١٩٢٧ز بە بەرهەمهاتووە.

٢- **کێلگەی نەوتی ناوەڕاست/** گەورەترین کێلگەی نەوتی تێدایە لە چوارچێوەی هەرێم و عێراق و ڕۆژهەڵاتی ناوەراست، کێلگەکانی بریتین لە بابە گورگوڕ و بای حەسەن و چەمەبۆر لە پارێزگای کەرکوك. بەرهەمهێنانی بازرگانی کێلگەی بابەگورگوڕ دەستی پێکردووە.

٣- **کێڵگەکانی باکور/** کانەکانی عەین زالەو بەتمە وزاخۆ. جگە لەم ناوچانە نەوت لە جێگا دیکەش هەیە کێڵگەی تاوکێ لە زاخۆ، چەمچەماڵ و تەق تەق و بەڵخانە کە لەم ساڵانەی دوایی دەستکراوە بە دەرهێنانی.

دانیشتوانی هەرێمی کوردستان

پێشەکی: ئەو باس و لێکۆڵینەوانەی پەیوەندییان بە دانیشتوانەوە هەیە، لە رووی گەشەسەندن و دابەشبوون، چڕی، پێکهاتە... هتد هەمووی لە بنچینەدا پشت بە ئامار دەبەستێت لەبەر ئەوە لەباسی دانیشتونی هەرێمدا، پێویستە باس لەو ئامار و سەر ژمێرییانە بکەین کە لە عێراقدا هەتا ئێستا ئەنجامدراون وەك سەر ژمێرییەکانی سالآنی (١٩٤٧ ، ١٩٥٧ ، ١٩٧٧ ، ١٩٨٧) کە باشترینیان سەر ژمێرییەکەی سالّی (١٩٥٧) بووە، بەلآم لە سەر ژمێرییەکانی دوایدا و بۆ مەبەستی رامیاری ، ئامارەکان گۆرانکارییان تێداکراوە، ژمارەو رێژەی نەتەوەکانی وەك کورد و تورکمان و کلدو ئاشوری شێوێندراوە.

زۆربوون و گەشەکردنی دانیشتوانی هەرێم:

مەبەست لە زۆربوونی دانیشتوان ئەو گۆرانە سروشتییە کە لە ئەنجامی جیاوازی نێوان ژمارەی لە دایك بووان و ژمارەی مردووەکان پەیدا دەبێت، گەر سەرنج لەسەر ژمێرییەکانی دانیشتوانی عێراق بدەین بۆمان دەردەکەوێت کە لە ماوەی نێوان سالآنی (١٩٥٧ — ١٩٦٥) ئەوە بەدی دەکرێت کە رێژەی زۆربوونی دانیشتوان لە هەرێمی کوردستان سالآنە ٢,٤٪ بووە، ئەمەش دەگەرێتەوە بۆ ئەو کەمو کوریانەی کە لەکاری سەر ژمێرییەکەدا هەبووە بۆ باری نائارامی هەرێم کە هەندێك ناوچە سەر ژمێری تێدا ئەنجام نەدراوە بە خەملآندن ئامارەکان نوسراوە. لە ماوەی نێوان (١٩٦٥ — ١٩٧٧) رێژەی زۆربون بەرزبۆتەوە بۆ ٣,٨٪ چونکە سەرژمێرییەکە هەموناوچەکانی هەرێمی کوردستانی گرتەوەو لەگەڵ سەرجەم ئەو ئاوارەو دەربەدەرانەی کە گەرابونەوە ناو هەرێم لە ناوەراستی حەفتاکانی سەدەی پێشوو. لە ماوەی

نێوان (١٩٧٧ – ١٩٨٧) ڕێژەکە نزمبۆتەوە بۆ ٣,١٪ ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ کارە ناهەموارەکانی ڕژێم دژ بەگەلی کورد. بە گشتی و بە گوێرەی سەرژمێرییەکەی ساڵی١٩٥٧ ژمارەی دانیشتوانی هەرێم گەیشتۆتە (١٧٢٢٥٦٤) کەس وە لە ساڵی ١٩٨٧بەرزبۆتەوە بۆ(٤٠٩٦١١٥) کەس.

ژمارەو ڕێژەی زۆربوون وگەشەسەندی دانیشتوانی کوردستان لەچاو دانیشتوانی عێراقدا ١٩٤٧ز– ١٩٨٧ز.

ساڵ	ژمارەی دانیشتوان	ڕێژەی بۆ سەرجەم دانیشتوانی عێراق
١٩٤٧	١٣٤٧٣٧١	٪٢٨
١٩٥٧	١٧٢٢٥٦٤	٪٢٧,٤
١٩٦٥	٢١١٨٢٨٨	٪٢٦,٣
١٩٧٧	٣٠٦٩٤١١	٪٢٥,٩
١٩٨٧	٤٠٩٦١١٥	٪٢٥,١

خشتەی ژمارە (٣)

بەرزبوونەوە و نزمبوونەوەی ڕێژەی زیادبوونی دانیشتوانی هەرێمی کوردستان لە ئامار و سەر ژمێریەکانی ساڵانی ١٩٤٧ ، ١٩٥٧ ، ١٩٧٧ ، ١٩٨٧ ئەو بارودۆخە نائاساییە پیشان دەدات کە کوردستان و عێراق تیایدا ژیاوە کە هەمیشە لە ئامارەکان و ڕاستیەکان هەوڵ دراوە بشێوێندرێت و بشاردرێتەوە بە حوکمی ڕەگەزپەرستی بەعسی عەرەبی ئەوکات. گومان لەوەدا نیە کە سەرژمێری تازە ئەو ئامارانە تەواو پشت ڕاست دەکاتەوە، چونکە کۆمەڵگای کوردەواری بە زۆری ئەندامی خێزانی و زۆری ژمارەی لە دایك بووان ناسراوە. بۆیە زۆر ئاساییە ڕێژەی زیادبوونی ساڵانە تا ئێستاش لە نێوان ٣ – ٤٪ دابێت (بۆ هەر ١٠٠ کەس ٣ – ٤ کەس ساڵانە زیاد بکات).

دابەشبوونی دانیشتوانی هەرێمی کوردستان:

چاو پێخشاندنێك بە نەخشەی دابەشبوونی دانیشتوان لە کیشوەر و وڵاتانی جیهاندا ئەوە نیشان دەدات کە ئەو دابەشبوونە بە شێوەیەکی یەکسان و رێکوپێك نییە، بەڵکو نارێکی و نایەکسانییەك لەم رووەوە هەیە، هەر لە کۆنەوە مرۆڤ لەو ناوچانەدا نیشتەجێبوون، کەدەرامەتە سروشتییەکانی بەئاسانی و بەزۆری دەست دەکەوت، هەرێمی کوردستانیش هەر لە سەرەتای چاخە بەردینەکانەوە مرۆڤی تێدا نیشتەجێ بووە کاری کشتوکاڵی کردووەو گوندو شارۆچکەی دروست کردووە، چونکە باری ئاوو هەواو جۆی خاك و سەچاوەکانی ئاو یاریدەدەربوون لە روی نیشتەجێبوونەوە لە کوردستان، ئەوە بەئاشکرا بەرچاو دەکەوێت کە بە شێوەیەکی بەربلاو بەسەر هەموو ناوچەکانی هەرێمدا دابەشبوون، واتە مەڵبەندەکانی نیشتەجێبوون (گوندو شارۆچکەکان) بەژمارە زۆرن و بەلام زۆربەیان قەبارە بچوکن و بەشێوەیەکی بلاو و بەپشت بەستن بە سەرچاوەکانی ئاوی ژێر زەوی بەسەر هەرێمدا بلاوبونەتەوە. ئەم دیاردەیە پێچەوانەیە لەگەڵ مەڵبەندەکانی نیشتەجێبوونی ناوەڕاست و خوارووی عێراق، کەئەوان بە شێوازی گردبوونەوە و پەرتبوون دابەشبوون بە سەر رووبەری ناوچەی ناوبراودا. ئەوەی شایانی باسە لە سەرژمێری ساڵی لە نێوان ساڵانی ١٩٨٠ – ١٩٩٠ گۆڕانێکی گەورە بەسەر دابەشبوونی دانیشتوانی هەرێمدا هاتووە، ئەمیش بەهۆی گواستنەوەی دانیشتوانی هەرێم لە گوندەکان و شارۆچکەکانەوە بۆ ئۆردوگا زۆرەملێیەکان، بەبیانوی نابەجێ وەك سەرکوتکردنی شۆڕشی چەکدارانەی گەلی کورد، شەڕی عێراق ـــ ئێران و دوورخستنەوەی کورد لە ناوچەی چاڵە نەوتییەکان. **بڕوانە نەخشەی ژمارە (٤)** . هەر بەهۆی ئەم سیاسەتەوە، رێژەی گوندنشینەکان کەمی کردووەو شارنشینیش زۆر بووە.

خشتەی ژمارە (٤)

پارێزگا	لە سەرژمێری ١٩٥٧		لە سەرژمێری ١٩٨٧	
	لادێ	شار	لادێ	شار
دهۆك	٨٢,٨	٧,٢	٢٥,٥٤	٧٤,٦
هەولێر	٧,٢٢	٣,٧٧	٢,٧٣	٨,٢٦
کەرکوك	٦١	٣٩	٢٦	٧٤
سلێمانی	٧٤	٢٦	٢٩	٧١
نەینەوا	٧٢,٤	٢٧,٦	٥٨	٤٢
خانەقین	٦٨	٣٢	٤٧	٥٣
کوردستان	٧١	٢٩	٣٣	٦٧
عێراق	٦١	٣٩	٣٠	٧٠

پێکهاتەی دانیشتوانی هەرێمی کوردستان

تاوتوێکردن و توێژینەوەی دانیشتوان بەگوێرەی تەمەن و رەگەز بایەخێکی گەورەی هەیە، چونکە روخساری دیمۆگرافیانەی ئەو کۆمەڵە روونده‌کاتەوە، دەریدەخات ژمارەو رێژەی ئەوکۆمەڵە چەندە. نیشانی دەدات ئەوانەی توانای کارو بەرهەمهێنانیان هەیە چەندە، هەروەها گەشەسەندن و زۆربوونی دانیشتوان روونده‌کاتەوە.

١- پێکهاتەی جۆریی دانیشتوان ((بەگوێرەی رەگەز)):

مەبەست لە **(پێکهاتەی جۆریی)** رێژەی نێرە بۆ مێیە. واتە بەرامبەر هەر (١٠٠) کەسی مێ چەند کەسی نێر هەیە، وەپێشی دەگوترێت **(رێژەی جۆریی)**، لەو سەر ژمێرییانەی کە هەتا ئێستا لە عێراقدا ئەنجامدراون، ئەم رێژەیە گۆڕاوەو جیاوازی پێوە دیارە. سەیری خشتەی ژمارە (٥) بکە.

ڕێژەی جۆریی (نێر بۆ مێ) لە هەرێمی کوردستاندا لە نێوان ساڵانی ١٩٥٧ – ١٩٨٧.

خشتەی ژمارە (٥)

ساڵەکان	مێ	نێر
١٩٥٧	١٠٠	١٠٤
١٩٦٥	١٠٠	١٠٧
١٩٧٧	١٠٠	١١٣
١٩٨٧	١٠٠	١٠٣

٢- پێکهاتەی دانیشتوان بە پێی تەمەن:

مەبەست لەم جۆرە پێکهاتنە، دابەشکردنی دانیشتوانە بەسەر چەند کۆمەڵەیەکی تەمەندا، ئەمەش بۆ لێکدانەوەو شیکردنەوەی تواناکانی کارو دابەشبوونی دانیشتوان بەسەر لایەنە جیاوازەکاندا وەك پەروەردەو فێرکردن، سەربازی، پیرو پەککەوتوکان، منداڵان، پاشان دیاریکردنی ئەو کۆمەڵگەیە بەگشتی لە قۆناغی منداڵییەتی دایە یا گەنجێتی یا پیری.

دانیشتوان بەسەر سێ کۆمەڵەی تەمەندا دابەش دەکرێن:

أ- کۆمەڵەی تەمەن بچوکەکان: ئەمەش ئەو کەسانە دەگرێتەوە کە تەمەنیان لە خوار (٢٠) ساڵەوەیە، بەگوێرەی سەرژمێری ١٩٨٧ ئەم کۆمەڵە ڕێژەیان گەیشتۆتە ٥٩٪ ی دانیشتوان. هۆی ئەم بەرزبوونەوەش دەگەڕێتەوە بۆ باشبوونی باری تەندروستی و ئابوری و دابەزینی ڕێژەی مردن لەناو منداڵاندا.

ب- کۆمەڵەی تەمەن گەورەکان (بەتەمەنەکان): ئەمەش ئەو کەسانە دەگرێتەوە کە تەمەنیان زیاتر لە ٦٥ساڵە، بە گوێرەی سەر ژمێری ساڵی ١٩٨٧ ڕێژەیان ٥٪ ی دانیشتوانی هەرێمە، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە بە تەمەنەکان ڕێژەیان کەمە.

ج- کۆمەڵەی تەمەن مام ناوەندییەکان: ئەو کەسانە دەگرێتەوە کە تەمەنیان لـە نێـوان (٢٠ – ٦٤) سـاڵە ئەمـەش بـەگوێرەی سـەرژمێری سـاڵی ١٩٨٧ گەیشتۆتە ٣٦٪. بەرزی ڕێژەی ئەم کۆمەڵە گرنگی زۆری هەیە، چونکە کـارو بەرهەم هێنان و هێزی سەربازی و بەرگری کردن لە خاك بە زۆری لە ئەستۆی ئەم کۆمەڵە دایە. سەیری خشتەی ژمارە (٦) بکە.

خشتەی ژمارە (٦)

ڕێژەی دابەش بوونی دانیشتوان لە هەرێمی کوردستان بە گوێرەی تەمەنیان:

ماوەی تەمەنیان	ڕێژەی بەگوێرەی تەمەنیان	ڕێژەی بەگوێرەی سەرژمێری ١٩٨٧
٠ – ١٩	٥٣,٦٪	٥٩٪
٢٠ – ٦٤	٤١,٦٪	٣٦٪
لە ٦٥ ساڵ زیاتر	٤,٨٪	٥٪

٣- پێکهاتنی دانیشتوان بە گوێرەی ئایین:

شوێنی جوگرافی کوردستان و مێژووی دێرینی نیشتەجێبوونی دانیشـتوان تیایـدا بووەتـە هـۆی ئـەوەی کـە ژمارەیـەك ئـایین و بیروبـاوەڕی ئـایینی لـە هەرێمدا بڵاوبێتەوە، بەڵام سەرەکییەکان ئەمانەن:

أ- ئیسلام: ڕێـژەی ٩٤٪ ی دانیشـتوانی کوردسـتان موسـڵمانن، ئەمـەش بـە گوێرەی سـەرژمێری سـاڵی ١٩٨٧، وە بەسـەر هـەموو پارێزگاکـانی هەرێمدا دابەش بوون.

ب- دیان (مەسیحی): ڕێـژەیان ٣٪ ی دانیشـتوانی هـەرێمی کوردسـتانە، بـە گوێرەی سەر ژمێری ساڵی ١٩٨٧پتر لـە ٣٧٪ دیانـەکانی عێـراق دانیشـتووی هەرێمی کوردستانن و بـەزۆری لـە ناوچـەکانی دهـۆك و تلکێـف و بەعشـیقەو بەرتەلەو هەولێرو کەرکوکدا نیشتەجێن.

ج- ئێزیدی: ڕێژەی ٣.٢٪ ی دانیشتوانی هەرێمی کوردستان پێکدەهێنن، لە ناوچەکانی شێخان و شەنگال و بەعشیقەو موسڵدا نیشتەجێن.

د- ئایینی تر: وەك سابیئە، ئەمانە ڕێژەیەکی کەم لە دانیشتوانی هەرێم پێکدەهێنن بە بڵاوی لەناو شارەکاندا نیشتەجێبوون.

نەخشەی دابەشکردنی دانیشتوانی هەرێمی کوردستان بە گوێرەی ئایین:

پارێزگا	موسڵمان	دیان (کریستانی)	ئێزیدی
دهۆك	٨٩,٤	٦,٦	٣,٩
هەولێر	٩٧,٩	٢	٠,٠٤
کەرکوك	٩٦,٧	٢,٤	٠,١
سلێمانی	٩٩,٧	٠,٢	٠,١
نەینەوا	٨٦,٧	٤,٩	٨,٢
کوردستان	٩٣,٧	٣,١	٣,٣
عێراق	٩٦,٧	٢,١	٠,٩

٤- پێکهاتەی نەتەوایەتی:

ئەمەش پێکهاتنی دانیشتوان دەگرێتەوە بە گوێرەی نەتەوە، شوێنی جوگرافی هەرێمی کوردستان ڕۆڵێکی گەورەی هەبووە، بۆ ئەوەی ناوچەکە ببێتە پردێکی زەمینی بۆ تێپەڕبوونی گەلێ نەتەوەو لە ئەنجامدا هەندێکیان ماونەتەوەو نیشتەجێ بوون، پاشان کاریان کردۆتە سەر پێکهاتنی نەتەوایەتی ناوچەکە، ئامارو زانیاریەکانی تایبەت بە پێکهاتنی نەتەوایەتی هەرێم گەلێ کەموکوڕی و ئاڵۆزی تێدایە، لە لایەکەوە ئامارەکان بەگوێرەی پارێزگا پۆلێن کراون، لە لایەکی ترەوە کاری ڕاگواستن و بە عەرەب کردن ڕۆڵێکی خراپی دیوە لە شێواندنی ڕاستییەکان، بۆیە لەم ڕووەوە دەبێت هۆشیارانەو زانستیانە مامەڵە لەگەڵ ئامارەکاندا بکەین.

به گشتی نەتەوە سەرەکییەکانی هەرێم ئەمانەن:

١- **کورد:** کۆنترین نەتەوەی نیشتەجێی کوردستانە، بە گوێرەی سەر ژمێری ساڵی ١٩٥٧ لە ٥٦٪ دانیشتوانی کوردستان پێکدەهێنن هەرچەندە کە ئێزیدی و شەبەك کوردن بە کەمایەتی ئایینی دانراون، بەڵام لە سەرژمێرییەکانی دواییدا ئەم ڕێژەیە دابەزیوە بۆ ٥٣,٣٪ لە سەرژمێری ساڵی ١٩٧٧ دا، **هۆی ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ:**

أ- پەیڕەوی کردنی سیاسەتی ڕاگواستن و بە عەرەب کردن، واتە نیشتەجێکردنی عەرەب لە جێگاکانیان، بە تایبەتی لە پارێزگاکانی کەرکوك و دیالە و موسڵ.

ب- بەهۆی باری نا ئارامی هەرێم ژمارەیەکی بەرچاو لە کورد لە نێوان ساڵانی ١٩٦١ – ١٩٩١ دواتر بەرەو هەندەران کۆچیان کردووە.

جـ- هەوڵدان بۆ بە عەرەب ناونوس کردنی کوردەکانی ئەو ناوچانەی کە بەلای حکومەتی عێراقەوە بە شوێنی ستراتیژی و نەوتی دادەنرێت وەك کەرکوك و خانەقین و دەوروبەری موسڵ.

٢- **عەرەب:** نیشتەجێ بوونیان لە هەرێم، دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتای دامەزراندنی حکومەتی عێراق، کاتێك هانی خێڵە کۆچەریەکانی عەرەبی داوە کە لە هەرێم نیشتەجێبن، لە سەرەتای چلەکانی سەدەی بیستەم پرۆژەی نیشتەجێبوون شێوەیەکی بەردەوامی وەرگرتووە، لە دوای ساڵی ١٩٦٠ زیاتر پەرەی سەندووە، پاشان حکومەتە یەك لەدوای یەکەکانی عێراق عەرەبەکانیان هانداوە کە لە کوردستاندا نیشتەجێ ببن و هەموو هاوکارییەکی دارایان کردوون، لە سەر ژمێری ساڵی ١٩٥٧ ڕێژەی عەرەب گەیشتۆتە ٣٢٪ ی دانیشتوانی هەرێم، لە سەرژمێری ساڵی ١٩٨٧ بەرزبۆتەوە بۆ ٤٢٪ بەهۆی پیادەکردنی سیاسەتی ڕاگواستن و بە عەرەب کردن.

٣- **توركمان:** بنەچـەیان دەگەڕێتـەوە بـۆ خێڵـە تورکـەکانی ناوەڕاسـتی ئاسـیا پاشان گەیشتونەتە هەرێم و لەو ناوچەیەدا نیشتەجێبوون، لە سەرژمێری سـاڵی ١٩٥٧ دا تورکمـان بـە پلـەی سـێیەم دێـت، ڕێژەکـەیان گەیشـتبووە ٧٪ دانیشـتوانی هـەرێم وە لـە سـەرژمێرییەکانی دواییـدا نـزم بۆتـەوە، بـۆ ٣٪ دانیشتوانی هەرێم، چونکە تورکمانەکانیش بەر شاڵاوی ڕاگواسـتن و کۆچـکردن بۆ هەندەران کەوتوون.

٤- **کلدو - ئاشوریەکان:** سەرژمێری وردو ڕاسـتەقینە لەبـەر دەسـت دا نییـە، کـە پێکهاتنی ڕاستەقینەی کلدو ئاشوریەکانی کوردستان پیشان بدات، ئەم کۆمەڵەیە، کلدانیەکان و سریانییەکان و ئاشورییەکان دەگرێتەوە، لە سەرژمێری ساڵی ١٩٥٧ دا گەیشتۆتە ٣٪ ی دانیشتوانی هەرێم.

وەك ئامارەکـانی سـەرەوە دەردەکـەوێت ڕێـژەی کـوردو تورکمـان و کلـدو ئاشوریەکان بە شێوەیەکی دیارو بەرچاو لە سەرژمێرییێکەوە بە سەرژمێرییەکی تـر کەمبونەتـەوە. ئەمـەش مانـای ئـەوە ناگەیـەنێ کـە ئـەم پێکهاتـە نەتەوەییانـە ژمارەیان لە کورتی دایە بەڵکو تەنها ڕێژەیان لـە کـورتی دایـە بـەهۆی سیاسـەتی هێنانی ژمارەیەکی زۆری عەرەب لە شارەکانی باشوری عێراقدا بۆ نـاو کوردسـتان لەسەر دەستی حکومەتی ڕەگەز پەرستی بەعس کە کاری کردۆتـە سـەر دابـەزینی ئـەو پێکهاتـە نەتەوەییانـە و بـە قـازانجی نەتـەوەی بـاڵا دەسـت تـەواو بـووە کـە نەتەوەی عەرەبە.

دابەش بوونی دانیشتوانی کوردستان بە گوێرەی پێکهاتەی نەتەوەیی لە سەرژمێری ساڵی ١٩٥٧ – ١٩٧٧ دا.

پارێزگا	کورد		عەرەب		تورکمان		کلد و ئاشوری	
	١٩٥٧	١٩٧٧	١٩٥٧	١٩٧٧	١٩٥٧	١٩٧٧	١٩٥٧	١٩٧٧
دهۆك و نەینەوا	٣٠,٧	٢٥	٥٦,١	٧٢,٩	٤,٨	٠,٨	٦,١	١
هەولێر	٨٩	٨٦	٦,٦	١٠,٤	٢,٥	١,٦	١,٧	١,٧
کەرکوك	٤٨,٣	٣٧,٦	٢٨,٢	٤٤,٤	٢١,٤	١٦,٣	٠,٤	٠,٩
سلێمانی	٩٨,٤	٩٣,٩	١,١	٥,٥٤	–	٠,١	–	٠,١
کوردستان	٥٥,٩	٥٣,٢	٣٢,٢	٤٢,٢	٧,٣	٣,٣	٣,١	٠,٩

مەبەست لە کوردستان ڕووبەری سەرجەم پارێزگاکانی دهۆك و هەولێرو کەرکوك و سلێمانی و ناوچە کوردستانیەکانی تروەك شنگال لەپارێزگای نەینەوا توزخورماتو لەسەلاحەددین وخانەقین لەدیالە بەدرەوجەسان لەکوت.

پیشەسازی لە هەرێمی کوردستاندا

پیشەسازی لە هەرێمی کوردستان لە ڕابردوودا پێکدەهات لە دروست کردنی پێڵاو جل و بەرگ و مافورو ئەو ئامرازانەی کە لە کشتوکاڵیدا بەکار دەهاتن و لە کەلّ و پەلی ناو ماڵ و شتی تر، تا ئەمڕۆش ئەو پیشەسازیانە بە شێوەیەکی کەم بەردەوامن، هەندێکیان وەك جل و بەرگ و پێڵاو مافورو هەندێ شتی تر لە بۆنە کوردیەکان بەکار دێن و هەندێکی تریان بوونەتە ئەنتیکەی ناو ماڵ.

لە سەردەمێکی دواتر دا لە ساڵانی پەنجاکانی سەدەی بیستەم ئەو پیشەسازیانەی پێشوو گۆڕانێکی کەمیان بەسەر دەهات، گرنگترین گۆڕانکاریەکان ئەوە بوون کە لە پیشەسازی لەناو ماڵ بەرهەم هێنراو بوون بە پیشەسازی کە لە دوکان بەرهەم بهێندرێت لە بازارە جیاجیاکانی شارەکانی کوردستان، لەو سەردەمەدا تەنها یەك دامەزراوی گەورەی پیشەسازی لە کوردستاندا دامەزرابوو ئەویش پالاوگەی نەوتی (ئەلوەند) بوو کە لە نزیك شاری خانەقین لە ساڵی (١٩٢٧) دا دامەزرا.

بەڵام لە دوای ساڵی (١٩٥٠) گۆڕانێکی بنەڕەتی بەسەر پیشەسازی داهات بەهۆی دامەزراندنی (ئەنجومەنی ئاوەدان کردنەوە) لەم ساڵەدا کە هەڵسا بە دارشتنی بەرنامەی پێویست و دروست بە مەبەستی پێشخستنی کەرتی پیشەسازی لە عێراقدا، بەڵام دیسان بەشی کوردستان لە چالاکیەکانی ئەم ئەنجومەنە تەنها دامەزراندنی کارگەی چیمەنتۆی سلێمانی و وێستگەی بەرهەم هێنانی کارەبای دووبز بوو.

لــە ســاڵانی حــەفتاكان و هەشــتاكاندا ژمــارەی كارگــەو دامــەزراوە پیشەسازیەكان زۆر زیادی كرد كە لە هەرێمی كوردستاندا، لـە ئامـاری سـاڵی (١٩٧٠) دا ژمارەی دامەزراوەكان گەیشتە (٣٩٦٢) دامەزراو لە ساڵی (١٩٨٨) دا ژمارەیان گەیشتە (٨١٦٦) دامەزراوە.

بنەماكانی پێشكەوتنی پیشەسازی:

بێ گومان پیشەسازی بۆ ئەوەی پێشبكەوێت و جێگیر بێت و سـوودی بـۆ ئابووری وڵات هەبێت پێویستی بـە هەنـدێ بنـەماو پێداویسـتی هەیـە لەوانـە كەرەستەی خاو، هەرێمی كوردستان دەوڵەمەنـدە بـە هەنـدێ لـەو كەرەسـتە خاوانــەی كــە پێویســتن لــە پیشەســازیدا وەك نــەوت، كێڵگــە نەوتیــەكانی كوردســتان نزیكــەی رێــژەی ٥٠٪ نــەوتی عێــراق بەرهــەم دێــنن، نــەوت لــە ناوچـەكانی خانـەقین و حـەمرین و كـەركوك كۆیـە و ناحیـەی سـەلاحەدین و بەتمەو عین زاڵەدا هەیە، ئەگەرچی نەوت سەرچاوەیەكی ووزەیـە، لـە هـەمان كاتدا كەرستەیەكی خاوی زۆر گرنگە بۆ زۆر جۆر لە پیشەسازیەكانی ناسراوە بـە پیشەســازی پترۆكیمیاویــەكان، هــەروەها ئاســن یەكێكــە لــە كەرسـتە خاوەكـانی هــەرێمی كوردســتان كــە لــە ناحیــەی ئاســناوەو رانیــەو رواندزو شێخاندا هەیە، هەروەها مس لە ناوچەی چوارتا و پێنجوین و قەڵادزێ هەیـە، جگــە لەوانــە جیبســۆم و بــەردە كلـس و گــۆگرد و مەرمــەڕ و زێـڕ و زیـو و قورقوشم و نیكل و ئەسبێستۆن هەروەها كەرستەی خاوی كشتوكاڵی كـە بـۆ پیشەسازی بەكاربێت هەیە لەم هەرێمەدا وەك لۆكەو توتن و هەروەها ئـاژەڵ كە بەرو بوومی بۆ پیشەسازی خۆراك بـەكاردێت نزیكـەی (٢,٥ ملیـۆن) سـەر ئاژەڵ هەیە لە هەرێمدا لە جۆری مانگاو مەڕو بزن و گامێش.

لــه بنــەماكانی تــری پیشەســازی **ووزەیــە** ئــەویش لــە كوردســتاندا سەرچاوەكەی نەوتە بە شێوەیەكی سـەرەكی لەگـەڵ ئـەو كارەبایـەی لەبـەر بەست و بەنداوەكانی دوكان دەربەندیخان بەرهـەم دەهێنرێت. **دەستی كار** وەك یـەكێك لـە هۆكارەكـانی تـری سەرخسـتنی پیشەسـازی لـە هەرێمـدا ژمارەیەكی زۆر لە خەڵك كە دەكرێت سوودیان لێ وەرگیرێت بۆ كـاركردن لـە كارگەكان بە تایبەتی ئەگەر زانیمان كە ژمارەی دانیشتوانی هەرێم زیاترە لـە (٥) ملیۆن كەس، جێگای داخە كە سوود لەو هۆكارە وەرنەگیراوە .

بازاڕەكانی كوردستان بازاڕی گەورەو گرنگن و لای كەس شـاراوە نییـە چ جموجۆڵێكی كڕین و فرۆشتن هەیە لەم بازاڕانە بـە تایبـەتی پـاش زیـادبوونی مووچەی فەرمانبەران و كرێی كرێكاران لە دوای سـاڵی (٢٠٠٣) دوای ڕوخـانی ڕژێمی بەعس هەروەها ئەم بارە نوێیەش وای كردووە كە سەرچاوەی **دارایـی** زیـاتر دابـین بكرێـت بـۆ خزمـەتی پیشەسـازی چـونكە ئـەویش یەكێكـە لـە هۆكارەكانی پێشكەوتنی پیشەسازی.

لە پێناو پێشخستنی پیشەسـازی ئـەبێ تـۆڕێكی بـاش و چـڕی **ڕێگاوبـان** هــەبێت بــە مەبەســتی ئاســانكردنی پەیوەنــدی نێــوان شــارو شارۆچــكەكانی كوردســتان لەگــەڵ سەرچــاوەی **كەرســتەخاوەكان** و لەگــەڵ **شــوێنەكەی** دامــەزراوە پیشەســازییەكان، دیاریشــە كــە هــەوڵێكی زۆر هەیــە لــە لایــەن حكومەتی هەرێم بۆ ئەو مەبەستە.

بۆیە ئەمڕۆ دەبیندرێت كە لە سەرانسەری كوردستان بە تایبەتی لە ناوچە ئازادكراوەكـان دوای راپــەڕینی ســاڵی ١٩٩١ دا كــە بودجەیــەكی زۆری بــۆ تەرخان كراوە بۆ دامەزراندنی پرۆژەی خزمەتگوزاری گەورە لە هەرێم، بـەڵام دیارە پـرۆژە ئـەنجام دراوەكـان لەگـەڵ ئاواتـەكان نـاگونجێن، چـونكە بـاری

ڕێگاکان زۆر خراپە لە لایەکەوە لە ڕاستیدا زۆر لەم ڕێگایانە پەکیان کەوتووە لەبەر زۆری ئەو کۆسپانەی تێیان کەوتووە ڕێگاکان لە هەرێمی کوردستان زیاتر لە جۆری وشکانین، هێڵی ئاسنین و ڕێگای رووبار نییە، تەنها لەم دواییانەدا ڕێگای ئاسمانی کرایەوە. بۆ ئەوەی پیشەسازیەکی پێشکەوتوو دابمەزرێت دەبێت بایەخ بەم جۆرانە بدرێت، چونکە ڕێگاوبان ئەمڕۆ بە شادەماری ئابووری دادەنرێت لە جیهاندا، سەرمایەش هۆکارێکی ترە لە هۆکارەکانی دامەزراندنی پیشەسازی.

سەرمایەش سەرچاوەکەی لەدوو لاوە بۆ دێت کە پێکدێن لە:

١- ئەو گوژمەی کە حکومەت تەرخانی دەکات بۆ دامەزراندنی کارگەکان، ئەم پیشەسازییەی کە بە پارەی حکومەت دادەمەزرێت پێی دەگوترێت کەرتی پیشەسازی گشتی، شایانی باسە ئەم پارەیە کە بۆ هەرێمی کوردستان تەخانکرابوو لە سەردەمی بەعس کەمبوو بەلاّم ئێستا پێشبینی دوا ڕۆژێکی گەشبین دەکرێت لەو بوارەدا.

٢- خستنە گڕو وەبەرهێنانە تایبەتیەکان: واتە ئەو پارەیەی کە هاولاّنیان لە سامانی خۆیان لە دامەزراندنی پیشەسازی تەرخان دەکەن، ئەمەشیان زۆر کەم بەرچاو دەکەوێت هاولاّتیان کەمتر ڕوو دەکەنە ئەم کەرتە ئابووریەو زیاتر ڕوو لە تەرخانکردنی پارەکەیان لە بواری کشتوکاڵی و بازرگانی و ئاڵوگۆڕی دراو و خانوبەرە.

جۆرەکانی پیشەسازی لە هەرێمی کوردستاندا:

چەند جۆرێك لە جۆرەکانی پیشەسازی هەن لە هەرێمی کوردستان، ئەم جۆرانەش پێکدێن لە:

١- پیشەسازیە خۆراکیەکان: رێژەی ٣٩٪ ی پیشەسازی هەرێم پێکدەهێنن.

٢- پیشەسازی چنین: رێژەی ١٦,٥٪ ی پیشەسازی هەرێم پێکدەهێنێت.

٣- پیشەسازی بەرهەمە کانزاکان: رێژەی ١٦,٥٪ ی پێکدەهێنێت.

٤- پیشەسازی کیمیاگەری و پترو کیمیاویەکان: رێژەی ١٠,٣٪ بەشداری دەکات.

٥- پیشەسازی کاغەز: رێژەی ٥,١٪ بەشداری دەکات.

٦- پیشەسازی کەرستەی بیناسازی.

کشتوکاڵ و سامانی ئاژەڵ لە هەرێمی کوردستاندا

نەخشەی دابەشبونی جوگرافی بەروبوومی کشتوکاڵ لە هەرێم

چالاكی كشتوكاڵی گرنگیەكی زۆری هەیە چونكە دابینكردنی ئاسایشی خۆراكی پشت بەم چالاكیە دەبەستێت لەبەرئەوەی بەروبوومی كشتوكاڵی پەیوەندی بە ژیانی ڕۆژانەی خەڵك هەیە، ئێستا لە وڵاتە تازە پێگەیشتووەكاندا هەوڵی بەكارهێنانی ڕێگا چارەی زانستیانە دەدرێت، شارەزایی كشتوكاڵیش لە لایەن مرۆڤەوە لە كوردستان دەگەڕێتەوە بۆ پێش (٩ – ١١) هەزار ساڵ، گرنگترین بەرهەم كە مرۆڤ چاندوویەتی گەنم و جۆ بووە تاوەكو شەستەكانی سەدەی بیستەمیش تاكە چالاكی تاكی كوردستان بووە، بەڵام لە ساڵی ١٩٧٥ تا ساڵی ١٩٨٨ بەهۆی وێرانكردنی زۆربەی هەرە زۆری گوندەكانی كوردستان لە لایەن ڕژێمی بەعسەوە خەڵكانێكی زۆر لەم چالاكیە دابڕان.

بەروبوومە كشتوكاڵییە گرنگەكان

بەروبوومی كشتوكاڵی لە دوو لقی سەرەكی پێكدێت، ئەوانیش بەروبوومی ڕوەكی و بەروبوومی ئاژەڵی، بەروبوومە ڕوەكییەكانیش دەكرێنە چەند بەشێك، وەك:

١. دانەوێڵە.
٢. بەرووبومە پیشەسازییەكان(نەختینەكان).
٣. بەرووبومە پاقلەییەكان.
٤. بەرووبومە ڕوندارەكان.
٥. سەوزە.
٦. ڕەز و باخەكان.

یەکەم: دانەوێڵە :

١- گەنم:

گرنگترین ئەو دانەوێڵانەی لە کوردستان بەرهەم دەهێنرێن گەنمە، گەنم بەرهەمێکی زستانەیە پشت بە ئاوی باران دەبەستێت، بەڵام هەموو ناوچەکانی هەرێمی کوردستان باران وەك یەك نییە، باران لە باکورەوە زیاترە تاکو باشور، لە باشوردا باران کەمترەو بەشی ڕووەك ناکات بۆ پێگەیشتن بۆیە پێویستی بە ئاودان دەکات.

ئەو گەنمەی لە کوردستان دەچێنرێ هەمە جۆرە، لەوانە (زەردکە، سپیکە، ڕەزاو، قەندەهاری، بەهارە)، بەڵام گەنمی (مەکسیباك) لە ساڵی ١٩٦٤ ز هێندرایە عێراق و لە ساڵی ١٩٦٧ ز دەست بە چاندن کرا، لە کوردستاندا بە شێوەیەکی بەربڵاو دەچێنرێ بەتایبەتی لەو شوێنانەی کە ڕادەی دابارینی ساڵانەی لە نێوان (٤٠٠ – ٥٠٠) ملم دایە. چاندنی گەنم زۆرترین ڕووبەری کشتوکاڵی داگیر کردووە بەڵام بەپێی بارودۆخی ئەم ڕووبەرە لە ساڵێکەوە بۆ ساڵێکی تر دەگۆڕێ هەروەها بڕی بەرهەمیش لە ساڵێکەوە بۆ ساڵێکی تر جیاوازی هەیە.

٢- جۆ:

ئەم دانەوێڵەیە لە ڕووی گرنگیەوە لە دوای گەنم دێت، بەروبومێکی زستانەیەو بەوە ناسراوە کە بەرگەی کەش و هەوای سەخت دەگرێ وەك دابەزینی پلەی گەرماو کەم بارانی و سوێری خاك (شۆرەکاتی خاك)، لەبەر ئەوەی جێگەی چاندنی دەکەوێتە ئەو شوێنانەی کە کەم برشترن.

له گرنگترین جۆرەکانی جۆ له کوردستاندا (جۆره رەشکەیه)، جۆش وەك و گەنم رووبەری چاندراو وبەرهـەم و بڕشتین هـەر دۆنمێك لـه سـاڵێکەوه بـۆ ساڵێکی تر دەگۆڕێت.

جـ- برنج:

بـرنج بەرهــەمێکی خـۆراکی ســەرەکی‌یه ، بـەروبوومێکی هاوینەیـە، و سەرچاوەیەکی داهاتیشه بۆ ئـەو خێزانانـەی کەبەرهـەمی دەهێنن، بـەڵام تـا ئێستا رووبـەڕووی هەنـدێ گرفـت دەبێتـەوه لـه چـاندنیدا بۆیـه خەسـڵەتی دواکەوتوویی پێوەدیاره.

دەبێ ئەوەش بزاندرێ کە بڕشتی یەك دۆنم برنج گـەلێك پـتره لـه برشـتی یەك دۆنم گەنم یا جۆ، ئەگەر زەویەکە باش پەروەردە بکرێ و بـەکاربهێنرێ، رووبەری بەبرنج چاندراو و بەرهەمی بەدەستهێنراو وبڕشتی زەوی لـه هـەموو جێگایەك وەك یەك نییە لە کوردستاندا.

هەروەها هەموو ساڵێکیش وەك یەك نییە، بەڵام ئەوەی جێگیره بڵـێن کـه باکوری هەرێمی کوردستان چاندنی ئەم بەروبوومـه پـتر تیایـدا سـەرکەوتووه بۆیـه ئـەم بەرهەمـه زۆر بەرچـاوه لـه دەشـتەکانی هـەریر و دیانـا و ناوچـەی باڵەکایەتی لە پارێزگای هەولێر و لە دەشتی شارەزوور و دەشـتی بیتـوێن لـه پارێزگای سلێمانی و لە ناوچەکانی سێمێلَ و سلێڤانی لە پارێزگای دهۆك و له ئاکرێ و شێخان.

دووەم: بەروبومە نەختییەکان (ئەو بەروبومانەی دەچنە ناو پیشەسازی):

ئەم بەرهەمانەش چەند جۆرێك دەگرنە خۆیان وەك لۆکە کە پیشەسازی ڕستن و چندراوە لۆکەییەکاندا بەکار دەبرێ، هەروەها دەنکەکەشی ڕۆنی لێ دەردەهێنرێت و لە پیشەسازی ڕۆنی ڕووەکی و سابوندا، پاشماوەکەشی وەك ئالیکی ئاژەڵ بەکاردێت.

گرنگترین جۆری:

١– **لۆکە:** لۆکەی چاندراو لە کوردستاندا جۆری (کوکروست)ە، شایەنی باسە پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان ڕیزی پێشەوەیان گرتووە لە بەرهەمهێنانی لۆکەدا لەسەر ئاستی عیراق، ڕێژەی بەشداری کردنی پارێزگاکانی هەولێرو سلێمانی کەرکوك لە بەرهەمی لۆکەدا نزیکەی ٧٥٪ بووە لە ساڵی ١٩٧٩ز دا لەسەر ئاستی عێراق.

٢– **تووتن:** ئەو بەروبوومە لە عێراق، تەنیا لە هەرێمی کوردستاندا دەچێنرێت بە تایبەتی لە ناوچەکانی باکوورو باکووری ڕۆژهەڵاتی هەرێم، کە بەرزاییەکەیان لە نێوان ٥٥٠ – ١٢٠٠م لەسەر ئاستی ڕووی دەریاوەیە. پارێزگای سلێمانی لە ڕیزی پێشەوە دێت، بە ڕێژەی ٨٥٪ و پارێزگای هەولێر بە پلەی دووەم دێت بە ڕێژەی ١٤٪ و دهۆك بە ڕێژەی ١٪ لە ڕووی سەرجەمی تووتنی بەرهەم هێندراو لە هەرێمی کوردستان لە ساڵی ١٩٩٠ دا.

دوو جۆری سەرەکی تووتن دەچێنرێت لەهەرێمی کوردستان، کە ئەوانیش تووتنە ڕۆژهەڵاتیەکان و تووتنە ڤێرجینەکانن، شایانی باسە کە پارێزگای هەولێر بە پلەی یەکەم دێت لە تووتنە ڤێرجینیەکان پارێزگای سلێمانی بە پلەی یەکەم دێت لە تووتنە ڕۆژهەڵاتیەکان بەلاّم لەم ساڵانەی دوایی چاندنی تووتن لە هەرێمی کوردستان لە پاشەکشێدایە.

سێیەم: ڕووەکە پاقلەییەکان:

جۆری سەرەکی ئەم ڕووەکە لە هەرێمی کوردستاندا نۆکەو لە دوای ئەویش جۆرەکانی تر دێن وەك پاقلەو لۆبیا.

سەبارەت بە نۆك، ئەم بەروبوومە بەروبوومێکی زستانیە پشت بە ئاوی باران دەبەستێت، ئەم جۆرانەی لە کوردستاندا دەچێنرێ لە جۆری خۆجێین وەك جۆری سلێمانی و جۆری دهۆکی. لەم ساڵانەی دواییدا جۆری نوێ هاتە ناوەوەو کەبڕێکیان درێژن و بەرگەی ئافات و دەرد دەگرن، چاندنی ئەم ڕووەکە لە خاکەکانی ناوچەکانی باکورو باکوری ڕۆژهەڵات و ناوەڕاستی کوردستاندا سەرکەوتووە لەبەر ئەوەی خاکەکەیان شیاون بۆ ئەم ڕووەکە.

چوارەم : بەرووبومە ڕۆندارەکان:

ئەو بەروبوومانە کە سوود لە ناوەڕۆکە چەورەکەیان وەردەگیرێ و لە پیشەسازییە خۆراکییەکاندا بەکاردەهێنرێن، جۆرەکانی ئەمانەن:

١- گوڵە بەڕۆژە:

گوڵە بەڕۆژە بەرهەمێکی هاوینەیە لە هەموو پارێزگاکانی کوردستاندا دەچێنرێت، هەردوو پارێزگای سلێمانی و کەرکوك لە پێشەنگی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستاندا دێن لە ڕووی چاندنی گوڵە بەڕۆژە.

٢- کونجی:

لەو بەرهەمانەیە کە لە زۆر ڕووەوە بەکاردێت، ڕاستەوخۆ دەخورێت یان بۆ پیشەسازی هەویرکاری و شیرینی دەرهێنانی ڕۆن بەکاردێت، کە ڕێژەی ٥٠٪ زیاتر ڕۆنی تێدایە، ناوچەکانی سەربە هەرێم لە پارێزگای دیالە بە پلەی یەکەم دێت لەبەرهەمهێناندا، لە دوای ئەویش ناوچەکانی سەر بە هەرێم لەپارێزگای موصل بەپلەی دووەم و هەولێریش بەپلەی سێیەم دێت.

پێنجەم: سەوزە:

سەوزە یەکێکە لەو بەرهەمە کشتوکاڵیانەی کە لە کوردستاندا دەچێنرێت لە ڕووی گرنگییەوە لەدوای دانەوێڵە دێت، سەوزە دوو جۆرە:

١- سەوزەی هاوینەیی:

ئەم جۆرە لە تەماتە و ئارو و باینجان و بامیە و گندۆرە(کاڵەك) و شفتی و بیبەر و کولەکە، تەماتە لە پێشەوەی هەموو جۆرەکانی تر دێت، لە ڕووی ئەو ڕووبەرەی کە دەچێندرێت لە زەوییە کشتوکاڵیەکاندا، چونکە داواکاری زۆری لەسەرە، ڕێژەی بەرهەمهێنانی تەماتە لە پارێزگای هەولێر لە نێوان هەرسێ پارێزگاکانی هەولێر و سلێمانی و دهۆك دا لە ساڵی ١٩٩٠ گەیشتە ٦٤٪. بەڵام سەوزەکانی تر لە هەمان ساڵدا ئەو ڕووبەرەی کە داگیریان کردبوو لە پارێزگای سلێمانی زیاتر بوو گەیشتە (٤٠٧٢٩) دۆنم و پارێزگای هەولێر بە پلەی دووەم هات بە (٣٨٠٨٤) دۆنم و پارێزگای دهۆك بە پلەی سێیەم بە ڕووبەری (٢٧٦٨) دۆنم.

٢- سەوزەی زستانە:

ئەم جۆرە سەوزەیەش زۆر بە بایەخن و پێکدێن لە (چەوەندەر، شێلم، پیاز، گێزەر، خاس، کەلەم، سپێناخ هتد).

ڕووبەری چاندراو بەو جۆرە سەوزانە لە ناوچەیەکەوە بۆ ناوچەیەکی تر جیاوازی هەیە، پارێزگای هەولێر لە ڕیزی پێشەوە دێت بە پێی ئامارەکانی ساڵی ١٩٩٠ز بە ڕووبەری (٣٢٣٦) دۆنمەوە بەڵام ئەو ڕووبەری تەنها (٩٦٦) دۆنم بووە لە پارێزگای سلێمانی دا، ڕووبەری چاندراو بە سەوزەی زستانە لە پارێزگای موسڵ دا لە ساڵی ١٩٧٧ز گەیشتۆتە (٢٩١٨) دۆنمەو لە پارێزگای دیالە گەیشتۆتە (٢٦٧٦) دۆنم لە ساڵی ١٩٧٥.

شەشەم: میوە:

بنەما جوگرافیە سروشتیەکانی هەرێمی کوردستان یارمەتی پەیدابوونی ئەو جۆرە چالاکییە کشتوکاڵیە دەدەن لە ناوچە پێ دەشتەکاندا بێ یان لە ناوچە شاخاوییەکان.

لە بنار و قەدپاڵی چیاکاندا داری مێو و گوێز و هەرمێ و هتد. دەچێنرێن واتە لەو ناوچانەی کە لە نێوان (٥٠٠ – ١٠٠٠) ملم بارانیان لێ دەبارێت، جگە لەم درەختانە داری دیکەشی لێ دەڕوێ وەك هەنجیر و هەڵوژە و خۆخ و گێلاس و توو.

بە شێوەیەکی گشتی دەتوانین بڵێین تێکڕای ناوچەکانی کوردستان بە کەڵکی چاندنی دارو درەختی بە بەر دێن. هەر ناوچەیەك بە گوێرەی ژینگەی جوگرافیای خۆی تایبەتمەندە بە چاندنی جۆرە میوەیەکی تایبەتی: بۆ نموونە ناوچەکانی باشوری هەرێم دەتوانرێ تەرخان بکرێ بۆ چاندنی خورما و مزرەمەنی لە (بەدرە و مەندەلی و جەلەولا و قزل ڕەبات) لە کاتێکدا ناوچەکانی باڵەکایەتی و هەورامان و دەوروبەریان تایبەتمەندە بە چاندنی درەختی گوێز، ناوچەکانی دهۆکیش سێویان لێ دەچێنرێ.

گرنگترین داری چاندراو لە کوردستاندا داری مێوە (ترێ) یە بەهەموو جۆرەکانییەوە کە لە سەرانسەری هەرێمی کوردستاندا هەیە، هەروەها سێو لە میوە گرنگەکانە لە پارێزگای دهۆك و هەروەها هەنجیر کە زیاتر پارێزگای موسڵ پێی بەناوبانگە: لە پارێزگای دیالەش مزرەمەنی و دارخورماو هەنار دەچێنرێن، بەڵام جگە لەو ناوچانەی کە بەناوبانگن لە جۆرێك لە میوە ئەوا چاندنی میوە نەریتێکی کوردەوارییە لە سەرانسەری دێهاتی ناوچە شاخاویەکانی کوردستاندا لە پارێزگای موسڵ و دهۆك و هەولێر و سلێمانی.

بەگشتی بەرهەمی ڕووەك لە كوردستاندا پاشكەوتووە بە بەراورد لەگەڵ وڵاتە پێشكەوتووەكاندا لەو كاتەی زەوی و ئاوو هەوایەكی زۆر لە باری هەیە بۆ چاندی جۆرە جیاجیاكانی ڕووەك.

سامانی ئاژەڵ:

سامانی ئاژەڵ لە كوردستان بەخێوكردنی چەند جۆرێك ئاژەڵێك دەگرێتەوە وەك مەڕ و مانگا و گامێش و پەلەوەر، لێرەدا باسی ئەو ئاژەڵانەو دابەش بوونی جوگرافیایان دەكەین.

١- مەڕ:

ئەو جۆرە مەڕەی كە لە كوردستان هەیە بە مەڕی كوردی بەناوبانگە، بە پلەی دووەم جۆرێكی تری دوڕە هەیە كە بەناوی حەواسی بەناوبانگە لەناوچەی دەشت و بانەكان بەزۆری دەژین.

٢- بزن:

دوو جۆری سەرەكی بزن هەیە لە هەرێمی كوردستانی عێراقدا یەكەمیان بزنە مەرەزەو ئەوی تریان بزنی ئاسیاییە زۆربەی لە ناوچەی شاخاوییەكاندا دەژین.

٣- مانگا:

مانگا سودێكی ئابووری زۆری هەیە، سوود لە شیرو گۆشت و پیستەكەی وەردەگیرێت، وڵاتە پێشكەوتووەكان زۆر بایەخی پێ دەدەن، بەڵام لە كوردستان تا ئێستا ئەو بایەخەی پێ نەدراوە چونكە سوود وەرگرتنی بەخێوكردنیان بە ڕێگای سەرەتاییەكانە لە زۆربەی ناوچەكانی هەرێم پەرت وبڵاون كیلگەی تایبەتی بەخێوكردنیان دەگمەنە .

وێنەی گاڕانێك

پەلەوەر:

بە شێوەیەکی گشتی پەلەوەر پێك دێت لە مریشك و قازو مراوی و عەلەشیش و (قەلەموون)، لەوانەیە لە دێهاتەکاندا هیچ ماڵێك نەبێت ئەگەر جۆرێك یان دوو جۆر یان سێ جۆری نەبێت لەم جۆرە پەلەوەرانە، بەڵام مریشك لە هەموویان گرنگترە لە رووی بەشداری کردنی لە چالاکی ئابووری لە بازاڕەکاندا، شایانی باسە کە گۆشتی مریشك و هێلکەکەی داواکاریەکی زۆریان لەسەرە لەلایەن دانیشتوانی کوردستان بۆیە ئەگەر چی ژمارەی پرۆژەکانی مریشکی گۆشت گەیشتۆتە (٤٦١) پرۆژە کە ساڵانە نزیکەی (١٨,٥) ملیۆن مریشك دەهێننە بەرهەم، بەڵام دیسان بڕێکی زۆر لە گۆشتی مریشك و هێلکە لە وڵاتە جیاجیاکانی جیهان دەکڕدرێن و دەهێندرێنە

بازاڕەکانی شارو شارۆچکەکانی کوردستان، هەروەها ژمارەی هێلکە تروکێنەکان لە دەوروبەری (٨ملیۆن) دایە کە بەرهەمی ساڵانەیان (٢٠) ملیۆن جوجەڵەیە.

ڕاهێنان

بۆ پەرەپێدانی سامانی ئاژەڵ ورزگار بوون لەکۆسپ و گرفتەکان، دەکرێت:

شێوازی نویێ لە بەخێوکردنی ئاژەڵ بەکاربهێنرێت	و		و	

سەیران و گەشت و گوزار

سەیران و گەشت و گوزار چالاکییەکی ئابووری زۆر گرنگە، ئەم گرنگیەش ڕۆژ بەڕۆژ لە گەشەکردندایە هاوکات لەگەڵ پێشکەوتنی شارستانیەت و ئاستی ڕۆشنبیری و توانای ئابووریدا.

بنەما سروشتییەکان:

ناوچە شاخاوییەکان توانایەکی گەشتوگوزاری سروشتی زۆر گەورەیان تێدایە، بەهۆی جوانی دیمەنە سروشتییەکان کە کەش و هەوایەکی جێگیر و هێمنانەی هەیە و پڕن لە کانیا و سەرچاوەی ئاو. بۆ نموونە تاڤگەکانی گەلی عەلی بەگ و بێخال لە پارێزگای هەولێر و ئەحمەد ئاوا لە سلێمانی و ئاشاوەو ئانیشکی و سۆلاڤ لە دهۆك، هەروەها ئەشکەوتە دێرینەکانیش دیاردەی سەرنج ڕاکێشن لەم ئەشکەوتانە ئەشکەوتی کونەباو، قزقاپان و زەرزی و هەزارمێرد لە پارێزگای سلێمانی و شانەدەر و دەرگەڵە و کونەبا لە پارێزگای هەولێر. وچوار ستین و هەلامەتا و ئانیشکی لە پارێزگای دهۆك. هەروەها بوونی چەندین ڕووباری گەورە وەك خابوور لە دهۆك و دیجلەو زێی گەورەو زێی بچوك بەلقەکانیەوە.

ئەشکەوتی شانەدەر

ئاوو هەوای کوردستانیش بنەمایەکی تر هاندەرە بۆ گەشـەکردنی گەشـت و گوزار بەدرێژایی ساڵ، هاوینان فێنکە بەتایبەتی لە ناوچـەی شـاخاویەکاندا و ئاسمان هەمیشە سـامالّە و هـەواش پاکـە لـە هـەمان کاتـدا لـە زسـتان بـەفر دەبارێت و بەهۆیەوە چەندان دیمەنی سیحر ئامێز دروست دەبن، وەدەکرێـت وەرزشی سەربەفریش لەم دەرزە ئەنجام بدرێت.

هەروەها هەرێمی کوردستان دەوڵەمەندە بەڕووەکی سروشـتی بەتایبـەتی بەو دارستانانەی کە لە ناوچە شاخاویەکاندا هەن.

بنەما مێژووییەکان:

بنەما مێژووییەکانی گەشت و گوزار لە هەرێمی کوردستان زۆرن، بریتین لەمانەی خوارەوە:

۱- بوونی شوێنەوارە گرنگ و مێژووییەکان وەک قەڵای هەولێر و قەڵای کەرکوک و چەندین قەڵای مێژوویی تر لە هەرێمدا، ئەشکەوتی شانەدەر کە ئێستا و پێشتر ئێسکی مرۆڤی نیاندەرتاڵی تێدا دۆزراوەتەوە کە مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ۶۰۰۰۰ (۵۰۰۰۰) ساڵ لەمەوبەر، هەروەها کۆنترین گوندی کشتوکاڵی (چەرمۆ) و شوێنەواری شارۆچکەی گوێڕەیەکان وەک سۆران و بادینان و هەڵەبجە جێگەی لە کۆنترین شارە کوردییەکان کە لە ئێستادا بە شوێنەواری دەوڵەتی (هەولێر) و پایتەختی هەرێمی کوردستان.

قەڵای مێژوویی کەرکوک